حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زمانی کوردی

# کۆباسێک لە سەر سەیید تاهێری هاشمی

# (پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)

توێژینەوەیەکە لە لایەن:

هاوژین محمود کریم عبدالله

پێشکەش بە بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە بەشی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی:

م. بێستون ئەبوبەکر عەلی

ساڵی خوێندن:

(٢٧٢٢ -٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٢- ٢٠٢٣)ی زایینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زمانی کوردی

# کۆباسێک لە سەر سەیید تاهێری هاشمی

# (پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)

توێژینەوەیەکە لە لایەن:

## هاوژین محمود کریم عبدالله

پێشکەش بە بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە بەشی کوردیدا.

سەرپەرشتی:

## م. بێستوون ئەبوبەکر عەلی

ساڵی خوێندن:

(٢٧٢٢ -٢٧٢٣)ی کوردی                (٢٠٢٢- ٢٠٢٣)ی زایینی

## ياداشتی مامۆستای سەرپەرشت

من وەك مامۆستای سەرپەرشتی توێژینەوەی خوێندکار (هاوژین محمود کریم عبدالله) بە ناونیشانی (کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی(پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)، لە ئێستادا خوێندکار سەرجەم پێداویستییە زانستی و تەکنیکییەکانی تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچووی فەراهەم کردووە و توێژینەوەکەی بە بەشی زمانی کوردی و لیژنەی هەڵسەنگێنەر دەسپێرم.

واژۆ:

ناو: م.بێستون ئەبوبەکرعەلی

## بەڵێننامەی ڕادەست کردنی توێژینەوەی دەرچوون

١. ناوی سیانی: هاوژین محمود کریم عبدالله)

٢. ناونیشان: کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی(پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە

٣. ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣

٤. ژمارەی تۆمار:

## خوێندکاری بەڕێز ئەو خاڵانەی خوارەوە بخوێنەرەوە و دوای ڕازی بوونت واژۆی لەسەر بکە:

١. بەڵێنمان دەدا کە بە هیچ شێوەیەک توێژینەوەکەمان بە ڕێگای ناڕەوا نەنووسیوە ئەنجاممان نەداوە لە شێوەیی خەش و دزیی و بیرۆکە و نووسین و داتاگراف و نەخشە و وێنە و ناوەڕۆک بابەتێک لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەکان وە بەبێ ئاماژە کردن بە سەرچاوەکەی.
٢. بەڵێنمان دەدا کە خۆمان خاوەنی نووسین و نووسەری توێژینەوە و پرۆژەکەمان لە هیچ کەس و ناوەند و وێبسایتێک نەم کڕیووە وەرمنەگێڕاوە.
٣. بەڵێنمان دەدا کە پێشتر لەئەم پرۆژە و توێژینەوەیە لە لایەن خۆمان و کەسانی دیکەوە پێشکەشی هیچ دەزگا و ناوەند و بڵاوکراوەیەک نەکراوە.
٤. بەڵێنمان دەدا کە بابەتەکەمان مافی کەسانی دیکەی پێوە نییە بۆ نموونە هاوبەشی بووبێت ناوی هاوبەشەکەم لابردبێت هەروەها پێشتر بۆ هیچ دەزگا و ناوەند و بۆ بەدەستهێنانی هیچ پلەیەکی زانستی نەمان نووسیوە و بڵاو نەکراوەتەوە.
٥. ببەڵێنمان دەدا کە پەنام نەبردۆتە بەر گزی و (قۆپییە / وەرگرتنی دەقاودەق) کۆکردنەوەی لە سەرچاوەکانەوە، هەروەها پرۆژەکە لەبەر گرتنەوە و مۆنتاژی سەرچاوەکان نییە و کاری خۆمە. لەئەم خاڵانەی سەرەوە تێگەشتم و بەرپرسیارم بەرامبەریان لە هەر کاتێکدا بێت.

واژوو:

## یاداشتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە بە ناونیشانی: (کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی (پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)، لەگەڵ خوێندکار: هاوژین محمود کریم عبدالله) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا: بە پلەی (          ) وەربگیرێت، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس .

ناو و واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:

ناو و واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:

پ. ی. د. بێستون حسین احمد

سەرۆکی بەش

# پێشکەشە

- ☜ پێشکەشە بە (دایکی میهرەبانم) .
- ☜ بە مامۆستای ئەزیز و بەوەفامان (بێستون ئەبوبەکر)، کە زۆر دڵسۆزانە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، هەمیشە بۆ من وەك خەرمانێکی پڕ لە زانیاری بووە.
- ☜ بەهەموو مامۆستا و هاوڕێ خۆشەویستەکانم.
- ☜ بە هەموو ئەو فێرخوازانەی، کە ئارەزوومەندی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینمان بۆ:**

- **خودای گەورە و میهرەبان.**
- **دایکی دڵسۆز و خەمخۆرم، کە تا ئەم قۆناغەی خوێندنمان گەورەترین هێز و پاڵپشتمان بووە.**
- **خوشك و برای گەورە و دڵسۆزمان.**
- **مامۆستای زێدە ئەزیز و خۆشەویستم (م. بێستون ئەبوبەکر)، کە بە ئەپەڕی دڵسۆزی و خۆبەخشی و بێ ماندووبوون سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، پێدانی ڕێنمای و زانیاریی زانستی زۆر بەسوود.**
- **هەموو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی، کە زمانی کوردیان لە لا خۆشەویستر کردووم، دڵسۆزانە خزمەتی زمانی کوردی دەکەن.**

| هێما و کورتکراوەکان | |
| --- | --- |
| یان | / |
| دەقی وەرگیراو بەدەستکارییەوە، یان  بۆ ڕونکردنەوە، زاراوە | ( ) |
| دەقی وەرگیراو وەکو خۆی | (( )) |
| بریتیە لە | : |
| زاراوە | " " |
| وتەی کۆتانە هاتوو | ؛ |

| لیستی زاراوەکان | | |
|---|---|---|
| Social | کۆمەڵایەتی | ب |
| Repetition | پاتکردنەوە | پ |
| Aesthetics | جوانکاری | ج |
| Term | زاراوە | ز |
| Psychology | ڕەوانبیژی | ڕ |
| Explanation | ڕونبێژی | |
| History | مێژوو | م |
| Mass | کۆمەڵ | ک |
| Contents | ناوەڕۆک | ن |
| Sematics | واتاناسی | و |

| ناونیشانی بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| پوختە | ١ |
| پێشەکی | ٢ |
| ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە | ٢ |
| ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە | ٢ |
| ٣/٠) گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٤/٠) سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٦/٠) گرفتی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٧/٠) بەشەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| بەشی یەکەم: کۆباسێک لە ژیانی سەیید تاهیری هاشمی | ٥- ١٨ |
| ١) کۆباسێک لە ژیانی سەیید تاهیری هاشمی | ٧- ٨ |
| ١/١) گرنگترین کارەکانی سەیید تاهیری هاشمی لە بواری خۆشنوسیدا بریتیین لە: | ٩- ١٠ |
| ٢/١) ناوەڕۆکی و ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی | ١٠- ١٨ |
| ٢/١-١) ناوەڕۆکی شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی | ١٠- ١٥ |
| ٢/٣-١-١) نەتەوایەتی | ١٠- ١١ |
| ٢/٣-١-٢) ئایین | ١٢ |
| ٢/٣-١-٣) بەرجەستەکردنی کێشەی چینایەتی | ١٣ |
| ٢/٣-١-٤) گلەی و گازندەی لە چەرخی ڕۆژگار | ١٣- ١٤ |
| ٢/٣-١-٥) خۆشەویستی | ١٤- ١٥ |
| ٢/٣-٢) ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی | ١٥- ١٨ |
| ٢/٢-٢-١) سەروا | ١٥- ١٦ |
| ٢/٣-٢-١-١) قافیەی یەکگرتوو | ١٦ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-٢-١ -٣) قەسیدە | ١٧- ١٨ |
| بەشی دووەم: مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا | ١٩- ٣٥ |
| ٢) مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا | ٢١- ٢٣ |
| ١/٢) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا جیهاندا | ٢٣- ٢٤ |
| ٢/٢-١) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا کوریدا | ٢٤- ٢٥ |
| ٣/٢) جۆرەکانی ڕەوانبێژی لەڕوانگەی شارەزایانەوە | ٢٥- ٢٦ |
| ٣/٢-١) ڕەوانبێژی ڕوونبێژی | ٢٦- ٢٨ |
| ٣/٢-٢) ڕەوانبێژی واتاناسی | ٢٨- ٢٩ |
| ٣/٢ -٣) ڕەوانبێژی جوانکاریی | ٢٩-٣٠ |
| ٣/٢ -٣-١) جوانکاری وشەیی | ٣٠- ٣١ |
| ٣/٢ -٣-٢) جوانکاری واتایی | ٣١- ٣٢ |
| ٤/٢)سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی | ٣٢- ٣٤ |
| بەشی سێیەم: بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری سەیید تاهیری هاشمی | ٣٥- ٤٨ |
| ٣) تیۆریزەی چەمکی پاتکردنەوە | ٣٧ |
| ٣/ ١) زاراوە و تێگەی پاتکردنەوە | ٣٧- ٣٩ |
| ٣/٢) شێوازەکانی هونەری پاتکردنەوەی | ٤٠- ٤١ |
| ٣/٣) بەرجەستەبوونی پاتکردنەوە لە شیعری سەیید تاهیری هاشمی | ٤١- ٤٢ |
| ٣/٣-١) مەبەستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری اشمی | ٤٢- ٤٤ |
| ٣/٣-٢) ئاستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی | ٤٤ |
| ٣/٣-٢-١) پاتکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا | ٤٤ |
| ٣/٣-٢-٢) پاتکردنەوە لە ئاستی ستوونیدا | ٤٥ |
| ٣/٤) جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی | ٤٥- ٤٨ |
| ٣/٤-١) پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی وشە پاتکراو | ٤٥- ٤٦ |

| | |
|---|---|
| ٤/٣ـ ٢ ) پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی جواری ڕێزمانی وشەکە | ٤٦ـ ٤٨ |
| ئەنجام | ٤٩ـ ٥٠ |
| پاشکۆ | ٥١ـ ٥٤ |
| سەرچاوە | ٥٥ـ ٥٨ |
| پوختەیەک بە زمانی عەرەبی | ٥٩ |
| پوختەیەک بە زمانی ئینگلیزی | ٦٠ |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی (کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی (پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)) بۆ تەرخانکراوە، یەکێکە لە بابەتە گرینگەکانی بواری ئەدەب و کە لقێکی زانستی ئەدەبی دادەنرێت. ئاماژە بە دیاردەی ڕەوانبێژی لە شیعردا دەکات، بە تایبەتیی ئەو شیعرانەی دیاردەی پاتکردنەوەی تیدا بەکارهاتوون.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆخستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بەتیۆرییەکەوە، کە تایبەتە بە ژیاننامەی شاعیر و ئەو پەیامانەی کە شیعرەکاندا بەکاریهێناوە، بە وردی باس لە پەیامی نێو دەقە ئەدەبیەکانی شاعیرکراون.

بەشی دووەم زیاتر تیۆرییە و چاوخشاندنەوەیە بە ئەو کارانەی لە ڕابردوودا لەسەر ئەو بابەتە کراون. پاشان باسم مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا کوردی و جیهانیدا لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کردووە، لەکۆتایی ئەم بەشەشدا جەختمان لە سەر ڕەوانبێژی و تایبەتمەندییەکانی کردوەتەوە. ئەوەی گرنگی تایبەتی هەبێت لەئەم بەشەدا سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی بە خاڵ خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم، ئەم بەشە زیاتر بابەتەکانی پراکتیکین و نموونەیە بۆ بابەتەکەمان هێناوەتەوە. لە سەرەتادا باسمان لە تیۆریزەی چەمکی پاتکردنەوە کردووە. دواتر لە ڕێگەی نموونە شیعرییەکاەوە ئاماژەم بە پاتکر دنەوە کردووە.

لە کۆتایشدا بە کۆمەڵێك ئەنجامی زانستی گەیشتووین یەکێك لە ئەنجامەکان بریتییە لە (سەیید تاهیری هاشمی) یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی ئەدەنی کوردی و ناوێک لە شاناوە خزمەتکارەکانی کۆکەرەوە و نوسینەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت.

## پێشەکی

شیعر لەگەڵ گۆڕان و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵدا دەجولێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وێڕای ئەوەی شیعر دیاردەیەکی ئەدەبیی و بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵ و ئاخێوەرانیی ئەو کۆمەڵگایە، شاعیران لە ڕێگەی شعیرەوە زمانحاڵی گۆڕانەکانە، لە بوار و مەودا جیاوازەکانی ژیان و ژیانی نەتەوە جیاوازەکاندا، هەربۆیە ئەو پەیامەش ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە بەخۆی و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کەتێدا بووە، پێویست بۆ دەربڕینی ئەو بیر و گۆڕانە نوێیانە.

## ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (کۆباسێک لەسەر سەیید تاهیری هاشمی (پاتکردنەوە لە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان بە نمونە)) تەرخان کراوە، مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە کە دەرخستنی بیلۆگرافیای شاعیر و چۆنیەتی هونەرەکانی رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهێناوە. هاوکات یەکێکە لە ناونیشانەی تایبەتانەی کە لەڕوانگەی ئەدەب و ڕەوانبێژی کە کەم کاری لەسەرکراوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ئارەزوو و خولیای خۆمان بۆ بابەتی ئەدەب هۆکارێکی سەرەکی بوو هەڵبژاردنی بابەتەکە، لە دواتریش توێژینەوە لەسەر ڕەوانبێژی تایبەت تر لەسەر پاتکردنەوە کەمبوو، بە پێویستم زانی ئەم لایەنەی ئەدەب بخەینەڕوو، لە هەموو کاتدا ژیاننامەی شاعیر و ناوەڕۆک و ڕووخساری شیعرەکانی خراونەتەڕوو بۆ ئەوەی ئاشنا بین پێیان و بزانین شاعیرانمان چۆن پاتکردنەوەیان بەکارهێناوە، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی ورد کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە مەبەستمانە بخەینەڕوو. هاوکات پێشنیازی سەرپەرشتمان بۆ ناونیشانەکە یەکلایکەرەوە بووە.

## ٣/٠) گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە، تا ڕادەیەک لە سەرەتادایە و کەمتر کاریان لەسەرکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی ئەو بۆشاییە، گرنگییەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە دیاردەی پاتکردنەوە خراوەتەڕوو. هاوکات ئەو پەیوەندییە واتای و ڕووخسار لە چوارچێوەی شیعرەکانی شاعیر دەستنیشانکراون.

## ٤/٠) سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکەمان بە زمانی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دایە، سوود لە ئەزموونی شاعیر بۆ ڕەوانبێژی وەرگیراوە بە تایبەت بۆ پاتکردنەوە بەکارهێناووە.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە

لە ئەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاری پەیڕەو و کراوە، واتە پیشاندان و خستنەڕووی پاتکردنەوە لە زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێن.

## ٦/٠) گرفتی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە کە چەند گرفتێکی هاتۆتە پێشەوە وەک فراوانی بابەتەکە، بە ئاسانی لەئەم توێژینەوویەدا سنوردار نەدەکرا، هاوکات کەمی توێژینەوە لەبارەی شاعیر و بابەتی پاتکردنەوە لە شیعری کوردیدا، کە نوسەران و توێژەران بەشێوەیەکی گشتی پشتگوێیان خستووە.

## ٧/٠) بەشەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، لە ئەم دوو بەشە پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (کۆباسێک لەسەر سەیید تاهیری هاشمی) کە بەچەند باسێکی کورت باس لە ژیان و کارکردنی لە بواری خۆشنووسیدا خراوەتەڕوو، لەگەڵ باسیکردنی لایەنی ڕووخسار و ناوەرۆک لەبەرئەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاوێك بە دیوانەکەی سەیید تاهیری هاشمیدا بخشێنین.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی (مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا)، چەند باسێکی تیۆری کە بارەی چەمکی ڕەوانبێژی و تیۆری ڕەوانبێژی و ڕێگای پۆلێنکردن و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم: بەناونیشانی (بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری سەیید تاهیری هاشمی) بۆ تەرخانکراووە، بەچەند باسێکی کورت بەشێوەیەکی تیۆری لە پاتکردنەوە و جۆرەکانی دەکردووە، دواتر بۆ ئەو شیعرانەی دیاردەی پاتکردنەوەی تێدایە تەرخانکردووە، هاوکات لە ئەم بەشەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باس لە بەرجەستەبوونی دیاردەی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەید تاهیری هاشمی دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستەکانی پاتکردنەوە خراونەتەڕوو. هەروەها باسکردنی لە سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی کە لە زمانی کوردیدا ئاماژەیی پێکراوە.

# بەشی یەکەم:

# کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی

بەشی یەکەم: کۆباسێک لە سەر سەیید تاهیری هاشمی

١) کۆباسێک لە ژیانی سەیید تاهیری هاشمی

١/١) گرنگترین کارەکانی سەیید تاهیری هاشمی لە بواری خۆشنوسیدا بریتیین لە:

٢/١) ناوەڕۆکی و ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

١-٢/١) ناوەڕۆکی شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

١-١-٢/٣) نەتەوایەتی

٢-١-٢/٣) ئایین

٣-١-٢/٣) بەرجەستەکردنی کێشەی چینایەتی

٤-١-٢/٣) گلەی و گازندەی لە چەرخی ڕۆژگار

٥-١-٢/٣) خۆشەویستی

٢-٢/٣) ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

١-٢-٢/٣) سەروا

١-١-٢-٢/٣) قافیەی یەکگرتوو

٢-١-٢-٢/٣) مەسنەوی

٣-١-٢-٢/٣) قەسیدە

## ١ ) کۆباسێک لە ژیانی سەیید تاهیری هاشمی

یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی ئەدەنی کوردی و ناوێک لە شاناوە خزمەتکارەکانی کۆکەرەوە و نوسینەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، (سەیید تاهیری هاشمی)، کوڕی سەیید قەیداری سەیید قادری شێخ ڕەسوڵی (دەوڵەت ئاوا) ی کوڕی شێخ مستەفای شێخ ڕەسوڵی (سۆڵەی قەرەداغ) ـە. بنەماڵەکەیان لە ساداتی سۆڵەیی بەرزنجی‌ین. ی ساڵی لە (١٣٢٢ مانگی ئێران) بەرانبەر (١٩١٤)ز لە گوندی دەوڵەت ئاوا لەدایکبووە.

ئاشکرایە لە گوندەکان ئەو سەردەمە ناوەندی خوێندن ئاینی بووە، هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەیید تایەر هاشمی سەرەتا لای (خاتوو مەریەمی خێزانی مامۆستا سەیید عارف خوێندوویەتی، بەڵام زۆر ناخاتەنێت، چونکە دەوڵەت ئاوا لە ساڵی (١٣٤٠) بەر شاڵاوی تاڵانکاری هێزەکانی سەجاوی و ئەردەلانی دەکەوتووە، ئەم شاڵاوەش بە سەرکردایەتی (سەردار ڕەشید ئەردەڵانی و سەردار ناسر سنجاوی) بووە، لە ئاکامدا ماڵ و مەدرەسەی دەوڵەت ئاوا تاڵاندەکرێت، ئەمەش هۆکارێکە کە (سەیید تایەری هاشمی) لە خوێندن دادەبڕێت. (هاشمی، ٢٠١٩: ٩)

پاش گەڕانەوەی بنەماڵەکەیان بۆ گوندی دەوڵەت ئاوا، دوبارە دەخرێتەوە مەدرەسە و خوێندنی ئایینی لە خزمەتی مامۆستایانی وەک (سەیید عارفی لهۆنی، سەیید شێخ شەریفی کوردستانی، مەلا حەمەڕەحیمی ڕۆخانی سنەیی، سەیید محەمەدی هەمڕۆڵەیی و سەیید قەیداری باوکی و سەیید وەجیهەدینی براگەورەی) دا، تەواو دەکات.

لەساڵی (١٩٤٣-١٩٤٤) بۆ دەوڵەت ئاوا دەگەڕێتەوە، سەرپەرشتی تەکیە و مەدرەسەی دەوڵەت ئاوا دەکات، لە ئەو ساڵانەدا بەشی کوردی ڕادیۆی کرماشان دەستبەکار دەبێت، هاوکات چەندین بەرنامەی وەک (گوڵزاری ئەدەب، پیاوان و ژنانی بەناوبانگی کورد، پیاوانی بەناوبانگی ئیسلام، مرزداران غرب ایران و هەوارگەی دڵان) ئێران. وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی لە خەم و نیشتمان و تونێتی ئازادی نیشتمان بەردەوام هەوڵیداوە خزمەت بە گەلی کورد

بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هاوشانی کارە هونەریەکانی سەیید هایری هاشمی بانگەشەی ئازادی بۆ خاکی کردووە، دەبێتە ڕاوێژکار و هاوکارێکی دلسۆزی (کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، تا جەنگی عێراق- ئێران بەرپادەبێت. دوای دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژێ کاف) لە ڕێگەی (ئیبراهیمی نادری) یەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات و دەبێتە جێگری بەرپرسی لقی خواروەی کوردستانی (ژێ کاف) و بەرپرسی مەڵبەندی کرماشانی (ژ.ک)) (https://allekok.ir/). سەیید تایەری هاشمی و خێزانەکەی لەلایەن (کاربەدەستانی حوکمەتی (ڕەزاشا) دەسگیر دەکرێن، بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی تاران و ئەسفەهان دەمێنتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە زیندانی کردنی نەوەستان و باوکی سەیید تاهیر بۆ مەنهەد دەنێرن و برا گەورەکەشی بۆ ئەسفەهان دەنێرن. لەگەڵ ئەو هەموو چەرمە سەری و نەهامەتیەی بەسەر خێزان و سەیید تایەری هاشمی دا هاتووە، بووتە هۆی دیوانی (لەیلاو مەجنوون) بنوسێت) (هاشمی، ۲۰۱۹: ۱٥)

ماموستا سەیید تاهیری هاشمی لە ڕۆژی (۲ ی پووشپەڕی ۱۳۷۰ = ۱۹۹۱/٦/۲۳) لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد و هەر لە گوندی دەوڵەت ئاوا بە خاک سپێردرا و لە پاش خۆی خەرمانێک بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی و خۆشنووسی بۆ کتێبخانە و فەرهەنگی کوردی بەجێهێشتووە.

سەیید تاهیری هاشمی یەکێک لە دیارترین و ناسراوترین هۆنراوەنووسانی و ماموستای ئایینی و مێژوونوسی کورد، هاوکات بە یەکێک لە چڵەپۆپەکانی شیعری کورد دادەنرێت، لە پاڵ (نالی، سالم و کوردی) جێگا دەستی دیار و ناوێکی درەوشاوەی نێو ئەدەبیاتی کوردیە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆنراوەکانی لە دەوری چەند تەوەرێکی جیاواز ئەسوڕێنەوە و سەرجەمی هۆنراوەکانی لە دیوانی هەوارگەی دڵان کۆکراونەتەوە.

**١/١) گرنگترین کارەکانی سەیید تاهیری هاشمی لە بواری خۆش نوسیدا بریتیین لە:**

**سەیید تاهیر شارەزایی لە خەت خۆشی نوسیندا بە تایبەت خەتی نسخدا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا خەتی نسخ دەنوسران، لێرەوە دەتوانین بڵێن وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەهۆی دەوڵەتی عوسمانیەوە زیاتر بە شێوازی حافزی پەیوەست دەبن، ئەمەش هۆکارێک بووە کە سەیید تاهیری هاشمی نوسینی عوسمانی بەکاربهێنیت.**

**١-بەرگێکی قورئانی پیرۆز لە سەر شێوازی حافزی نوسییووە.** (https://allekok.ir/).

**٢- کتێبکی نوسینەوەی ناوی (دلائل الخیرات) ی نووسیوەتەوە. کە یەکێکە لە کتێبەکانی بیروڕاکانی ئەهلی سونەت لە ئێران و تورکیا بەردەستن.** (https://allekok.ir/)۰

**٣- یەکێک لە کتێبەکانی (سەحیفەی سەجادی) نووسیوەتەوە.**

**٤- سەیید تاهیری هاشمی شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی دا هەبووە، هەر یەک لە زمانانە بابەت و شیعری نووسیوە. هاوکات نوسینی بۆ چەندین کەس کردووە، وەک (پیرەمێرد، حاجی تۆفیق، عەبدولکەریمی مودەریس، بێسارانی)**

**٥- نووسەری گۆڤاری گەلاوێژ بووە.** (علی، ٢٠٢٣)

**٦- نوسەر و خەت خۆشێکی نێو دەوڵەتی بووە، کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ دەست نوسەکانی وڵاتی بەریتانیا ماونەتەوە و پارێزراون.** (علی، ٢٠٢٣)

**٧- هاوکار و هاوڕێی دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بووە، زۆرێک لە نوسینەکان لای سەیید تاهیری هاشمی ساغکراونەتەوە، بەڵام زۆر کات ناوی نەهێنراوە.** (علی، ٢٠٢٣)

٨- سەيید تاهیری هاشمی بۆ مەولەوی (شیعر و دیوانی مەولەوی، ئینشا و نامەی مەولەوی) نوسیووە.

٩. پێشکەشکردنی بەرنامەی هەوارگەی دڵان ژمارەی ٥٠ لە ڕادیۆی کرماشان.

## ٢/١) ناوەڕۆکی و ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

### ٢/١-١) ناوەڕۆکی شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

بەرهەمەکان ناوەڕۆکێکی جوان و ڕازاوە، خەیاڵی تازە و نوێ، هەوێن و سەرچاوەی شعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی بووە، ئەم شاعیرەمان ئەوەندە خەیاڵ و هەستێکی ناسکی هەیە کە باس ناکرێت لە وەسف و پیاهەڵداندا، کەم وێنەیە، شیعرەکانی لە ڕەوانبێژی و جوانسازی و، لێکچواندن و خواستن و داهێناندا، شاکارێکی ناوازەیە. لە هۆنراوەی ئاینی و نەتەوایەتیشدا جێ دەستی دیارە و عەشقی وڵاتەکەی وای لێکردووە کە یەکێك بووە لەئەو شاعیرە ئازایانەی کە لە هۆنراوەکانیدا بە ئاشکرایی لە چنگ زوڵم و ستەم وناعەدالەتی، هاواری کردووەو بێدەنگ نەبووە، لەئەو پێناوەشدا چەند جار زیندانی کراوە. لەبەرئەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاوێك بە دیوانەکەی سەیید تاهیری هاشمیدا بخشێنین، لە هەرباخێکی گوڵێك هەڵبژێرین و مێشك و دڵمان لە سێبەری باخە شعرەکانیدا بحەوێنینەوە.

#### ٢/١-١-١) نەتەوایەتی

لەسەرەتای سەدەی پێشوو شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە گەشەسەندندابووە گەلێک هونەرمەند و شاعیر و نوسەر گەورەو بەتوانا و خاوەن هەڵوێست بە چریکە و هەستی نەتەوەییان خۆیان لەسەنگەری بەرگریدا بینییەوە سروود و شیعری شۆڕشگێڕیان بۆ شۆڕشی کورد و کوردستان خوێندووە، سرووده نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکان نووسیوە، داینەمۆی شۆڕش و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی بۆ زیاتر قوربانی دان و خۆڕاگری لەناو کۆمەڵی کوردستان لەپێناو ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لەئەو سەردەمەدا گەلێک

هونەرمەند و شاعیر خاوەنی هەڵوێست بوونە شۆڕەسواری ئەو بوارە و بەرگریان لەنەتەوەو خاک و شۆڕشی گەلەکەیان کردووە.

شاعیران و نوسەران وئەدیبان نوسەرانی کورد هەرلە ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی ونالی و گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و چەندانی تر هەریەکەیان لە ڕێگای توانا ئەدەبیەکەیانەوە خۆشەویستیان بۆ نیشیمانە کەیان دەربڕیوە، ئەگەر چی توشی گرتن و زیندانی کردنیش بوبێت، بەڵام بەردەوام بوون و پەیامی خۆیان گەیاندوە، هاشمی شاعیر یەکێکە لەئەو کەسانەی لە دەستپێکی شیعر نوسینەوە. وەک لە ئەم نموونەدای شاعیر رووندەکەینەوە:

ئەی دڵم ئایەنەی جەماڵی وەتەن

حاڵ و ماڵم فیدایی حاڵی وەتەن

بولبولێکم بە نەغمە و ئاهەنگ

گوڵشەنم پووش و دڕکوداڵی وەتەن

بە وەتەن سوێند دەخۆم چ ڕۆژ و چ شەو

بووەتە زیکری دڵم خەیاڵی وەتەن (سەیید تاهیر، ٨١)

ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەکی گەورەتر ببینین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کەمرۆڤ سۆز و خۆشەویستی بێ سنوری هەیە بۆ ئەو نیشتیمانەی کە دەژی تێدا و لێی پەروەردە بووە، وهەردەم هەوڵی پاراستنی داوە لە هێرشی دوژمنان، ئەم خۆشەویستیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ڕەنگە کەسێکی سەرمایەدار بە وەگەرخستنی سەرمایەکەی لە وڵاتەکەی خۆیدا خۆشەویستی خۆی بۆدەربڕێت، یان مێژوونوس و شوێنەوارناسان بە گەڕان و ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان لە سەر ڕوداوەکان و شوێنەوارە مێژوویەکان لە پێناو هەوڵدان بۆ پاراستنی کەلەپوری وڵاتەکەیان خۆشەویستیان دەربڕن. هەروەها شاعیرانیش لە ڕێگەی دێرە شیعریەکانیانەوە خۆشەویستی خۆیان دەربڕیەووە.

**٢/١-١-٢) ئایین**

**ئایین لە قۆناغەکانی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدیدەکرێت، بەئەو پێیەی ئایین هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە، وەکوو هەر دیار دەیەکی تری ناو کۆمەڵ، مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ژیانی و بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەهەموو ڕویەکەوە ڕێکبخات، پشت بە چەند دەستوور و ئاین دەبەستێت، هاوکات هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئایینەوە هەبووە. مرۆڤ لە یەکەم هەنگاوی ژیانیدا بەدوای هێزێکی پاڵپشتدا گەڕاوە، کە گەورەتربێت لە خۆی و سەرچاوەی ئارامیی بێت بۆ ترس و دڵەڕاوکێ و بارە دەرونییەکەی، لەئەو ڕوانگەیەوە ئاین و کۆمەڵگە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و یەکتر تەواودەکەن. ئیمەش لێرەدا هەوڵدەدەین نموونەی ئەو دێرانە وەربگرین. وەک لە ئەم نموونەدای شاعیر ڕووندەکەینەوە:**

**یا ڕەسوولەڵڵا گونابار و قەبیح و ڕووڕەشم**

**ئەی سپی ڕوخساری خاوەن موعجیزاتم ڕەحمەتێ**

**کشتی دڵ سووتاو لەبەر ئاو و هەوای کرداری شوومم**

**ئاودێریم کە دە سەرچاوەی حەیاتم ڕەحمەتێ**

**دانەمەزراوم لەسەر ڕێی ئەتتیباعی حەزرەتت**

**سا عەتا کە لەحزەیێ سەبر و سوباتم ڕەحمەتێ (سەیید تاهیر، ١٥٢)**

**ئاینی ئیسلام یەکێکی ترە لەئەو سەرچاوە گرنگانەی، کە بەدەیان ڕووداو و ڕەگەزە تێدایە هاشمی لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی حوجرە و مزگەوتەکاندا فێری خوێندن و خوێندەواری بووە، بۆیە ڕووداوەکانی ئەم ئاینە زیاتر کاری لێکردووە و هەم لە ژیانی ڕۆژانە و لە نێو دێڕە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.**

### ١/٢-١-٣) بەرجەستەکردنی کێشەی چینایەتی

کۆمەڵەی کوردەواری بە حوکمی ئەوەی لە دۆخی کۆمەڵایەتی گوندنشین دا ژیاوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتبوو، بۆیە ئەم کۆمەڵگایە جیاوازی چینایەتی زۆر بە ئاشکرایی پێوەدیار بوو، زوڵمی ئاغاو دەرەبەگ و چەوسانەوەی ژێر دەستەکانیان و زەوتکردنی هەموو ڕەنج و ماندوو بوونیان کەلێنکی زیاتری لە نێو تاکی کۆمەڵگا دروست دەکرد و بە شیوەیەکی ئاشکرا جیاوازی چینایەتیان هینابووە کایەوە و لە یاسا و پڕەنسیەکانیان بە شیوەیەکی ئاشکرا دەبینرا، کاتیک سەیید تاهیر کێشەی چینایەتی نێوکۆمەڵگای وێنا دەکرد، تواناو لێهاتووی سەیید تاهیری هاشیمی بۆ دەردەکەوت، لەڕێگری بە ئاگابوونی لە واقیعی ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەی بۆ داهێنانی شعیر  سەرچاوەیەکی گرنگ بووە. وەک لە ئەم نموونەدای شاعیر ڕووندەکەینەوە:

براکەم دڵ لەگەڵ تۆ ئاشتی نابێتۆ کە بێباکی

لەگەڵ من ئاگری سۆزان لەگەڵ ناکەس وەکوو خاکی

لەگەڵ من ئاسمانی کەجڕەوی، بێ عەهد و ئیقراری

لەگەڵ ئەو عەردی ئارام و وەفادار و تەرەبناکی (سەیید تاهیر، ٧٨)

لێرەدا شاعیر باسی بێوەفای و نەمانی برایەتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەکات، کە ئەمەش بۆ هۆکارە چینایەتیەکان دەگرێتەوە.

### ١/٢-١-٤) گلەی و گازندەی لە چەرخی ڕۆژگار

سەیید تاهیری هاشمی وەک نوسەرێک و شاعیرێک ژیانێکی پڕ لە تراژیدیا و ناخۆشی بەسەربردوەکە، پەیوەندیان بە لە دەسدانی کەسە نزیکەکانیەوە هەبووە، هەموو ئەم مەرگە ساتانە شاعیربەرەوڕوی زۆر پرسیاری قورسو گران کردۆتەوە کەبپرسێت (ئێمە کێین، بۆچی لە سەر ئەم زەمینەین؟ بۆ کوێ دەچین ؟ لە پاش مردن چی هەیە؟) ڕەنگە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە

**شاعیری توشی جۆرێک لە بێدەسەڵاتی و دۆشدامان کردبێت، چونکە ئەمانە پرسیاری ئەزەلین و لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەئاست مردندا بێدەسەڵات و بێتوانایە. وەک لە ئەم نموونەدای شاعیر روونەدەکەینەوە، بۆ خوالێخۆشبوو شێخ محی الدینی ئامۆزای نووسیوتی. دەفەرمووێت:**

**دڵ ئەسیری داوی غەدداریکە بێ دانەی ویسال**

**ئێستە وەک ئاسن لە کونجی سینەدا گرتوویە ژەنگ**

**وەسڵی شیرین گەر لەبۆی دەسدا چ غەمیە کۆهکەن**

**خوسرەو ئەر عالەم بکا پڕ تیشە و تەوقوڵەنگ**

**مەقسەدم ئەی کاکە محیی الدین بەیانی دوغڵ بوو**

**بۆیە نەقشی نامەکەم کردی بە ئەشعاری قەشەنگ (سەیید تاهیر، ٥٤- ٥٥)**

**هاوکات تاهیری هاشمی لە شیعرێکدا جۆرە لاواندنەوەیەکی تایبەت بۆ شەهید بوونی (ئامۆزاکەی) دەکات، کە دەربڕینی خەم و کەسەرە کەواتە، سەیید تاهیری گوزارشت لە هەست و حاڵ و گوزەرانی خۆی دەکات بەرامبەر لە دەست دانی ئامۆزاکەی و ئەو بۆشایی و سەرگەردانکردنەی ئەنجامدا دەهێنتەکایەوە پیشاندەدات.**

**١/٢-١-٥) خۆشەویستی**

**چەمکی عەشق و خۆشەویستی پانتاییەکی بەرفراوانیان لە ئەزموونی ئەدەبیات بەگشتی لە نێوانیشیاندا شیعر بەتایبەتی داگیرکردووە. بەرادەیەک لە زۆر کاتدا ئەزموون و شوناسی شیعری بەشێک لە شاعیران بە ئەزموونی خۆشەویستییانەوە لەژیاندا پەیوەستە تەنانەت ئەم چەمکە لە ئەزموونی نوسینیاندا بهێنینە دەرەوە، ئیدی ئەزموونێکی شیعریان بۆ نامێنیتەوە، بە ئەو مانایەی لە ڕێی عەشق و خۆشەویستیەوە شیعرەکان دەناسرێنەوە.**

خۆشەویستی وەک دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هاوکات پەیوەندیەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤەکان و ڕووداوێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان دادەرنرێت. وەک لە ئەم نموونەدای شاعیر ڕووندەکەینەوە:

ئەسیری دامی عیشقم خەستەیی دەردی دڵم چ بکەم

لە تۆ دایم پڕە قەلبم لە خۆم گەر غافڵم چ بکەم

نە شێخ و زاهد و سۆفیم، نە قازی و واعیز و موفتیم

نە دێوانەم، نە فەرزانەم، نە زانا و عاقڵم چ بکەم

لە دەرکی پێچ و ئەشکەنجەی سەری زوڵفت پەرێشانم

ئەترسم حەل نەبێ جارێ، خودایا موشکڵم چ بکەم (سەیید تاهیر، ٦١)

سەیری ئەو تابلۆیە بکەین ،بزانین چۆن وەسفی دڵی عاشق دەکات و چ دڵێکی دەوێت، دەریای ڕۆح و هەستی ناسکی شاعیر شەپۆل ئەدات و ئەوەندەش شیعرەکانی سادەو بێگرێ و ڕەوانن، کە خوێنەر بەبێ هیچ خەیاڵ و بیرلێ کردنەوەیەك لە ماناکەی تێ دەگات.

## ٢-٢/٢) ڕووخساری شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

### ٢-٢/٢-١) سەروا

سەرواداری لە زمانی کوردیدا هەردوو زاراوەی (سەرواکاری) و (سەروادار)یش بۆ بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیە بەرامبەر زاراوەی (قافیە)ی عەرەبییە و هونەرێکە زیاتر بە شیعر پەیوەستە. سەروا هونەرێکی ئەدەبین و بە دەنگەکانی کۆتای دەقەکانەوە پەیوەستن، ئەوەی جیایان لەیەکتری جیایان دەکاتەوە سەروایە.

سەروا یان قافیە ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێبانی ئاوازی دەرەوەی دەقدا دەگێڕێت، ((چەمک و تایبەتێتی قافیە پەیوەندیەکی تەواو و بەهێزی بەو

زمانەوە هەیە کە هەڵبەستەکەی پێ دەردەبڕدرێ، بۆیە بەگەلێ شێوەی جیاوازیش تێی ڕوانراوە)) (علی، ١٩٩٨: ٩٤) سەروا تەنیا لە شیعردانیە، لە پەخشانیشدا دەبینرێت. لەبارەی پێناسە و ناساندنی سەرواوە چەندین تێڕوانینی جیاواز بۆکراوە، لەبەرئەوەی سەروا لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی زمان دا پێناسە و بەکارهێنانی دەگۆڕدرێت. هاوکات لە کۆنەوە تا ئێستا بەشێوەی جیاواز باسی سەروا کراوە، وەک نووسەرێک زیاتر بۆمان ڕووندەکاتەوە دەڵێت: ((دەنگێ یان زیاتر دووبارە کراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکەوە و بەگشتی دەکەوێتە کۆتایی دوا پێ ی ئەو دانە ئاوازەیی یانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێک دێت، وەک دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی ئەرکیشیان پێکهێنانی نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنن)) (گەردی، ١٩٩٩: ٤٢) سەیید تاهیری هاشمی وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی دەستێکی باڵای لەگەڵ بەکارهێنانی سەروادا هەبووە. ئیمەش لەئەم لە سنوری توێژینەوەدا کۆمەڵێک نموونە دەخەینەڕوو.

### ٢/٣-٢-١-١) قافیەی یەکگرتوو

مەبەست لە ئەم سەروایە ئەوەیە کە لەسەرەتای دەقەکەوە تا کۆتایی یەک سەروا بەکاردەهێنریت، لە دێری یەکەمی بە جوت سەروا دەستپێدەکات، لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی زیاتر ئەم جۆرە شیعرە بەکارهاتووە تا ئەوەی بەپێی پیتی سەرواکە شیعرەکانیان پۆلێن و ڕیزبەند کردووە، وەک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی دەبینرێت. هەروەهلا تلاهیری دەڵێت:

لە کویێ بێنم دڵ و هیوا و نیازێ — ێ

لە کویێ بێنم ڕەفێقێ دڵنەوازێ — ێ

ئەمن بێچارە و مەحرووم و مەئیۆس — س

دەرێغا کوا کەریمێ، چارەسازێ — ێ

دەروونم پڕ لە زووخاوی جەفایە — ە (سەیید تاهیر، ١٧٣)

### ٣/٢-٢-١-٢) مەسنەوی

مەسنەوی یا مثنوی ، لەبنەچە لە عربیەوە وەرگیراوە، مُثَنی واتە (دوو دوو) ، هەر دێرێک یاخود هەر دوو نیوە دێرێک یەک سەروای هەیە ، واتە ئەم سەروایە لەعربی هەبووە دواتر شاعیرانی فارس وەک جەلالەدینی ڕۆمی و فیردەوسی بەکاریان هێناوە، هاوکات سەیید تاهیر بەکاریهێناوە.

پێچی زوڵفت دوو ساخم مەکە

بە ئاگری هیجر داخم مەکە

بێ بەش لە سەیری ناو باخم مەکە

لە گوڵ و نێرگس یاساخم مەکە

دوور لە سەیرانگەی ئێڵاخم مەکە

بەندەفەرمانم قاچاخم مەکە (سەیید تاهیر،١٤٢)

### ٣/٢-٢- ١- ٣) قەسیدە

لە وشەی (قصد)ەوە وەرگیراوە، واتە: نیاز، نیەت، تەما. بە زاراوەییش، قاڵبە شیعرێکە نیوە بەیتی یەکەم و نیوە بەیتی دووەمی هەموو بەیتەکانی تری هەموویان لەگەڵ یەکدا هاوسەروان، ژمارەی بەیتەکانی قەسیدە بەگشتی مامناوەندین و لە پەنجا تا شەست بەیت خۆیان دەبینێتەوە، بەڵام ئەم ژمارانە جێگیر نییە و هەندێ جار خۆی لە (٤٠٠) بەیتدا خۆی دەبینێتەوە. قاڵبی شیعری قەسیدە لە بنەڕەتدا قاڵبە شیعرێکی عەرەبی و فارسییە، ناوەڕۆکی شیعری ئەم قاڵبە بریتییە لە (پێداهەڵگوتن، پەند و ئامۆژگاری، بیروباوەڕی مەزهەبی، لاواندنەوە، خۆشەویستی و عیرفانی و ... هتد).

**برینداره‌م برینداره‌م ته‌بیبم زوو به ده‌مانێ**

**گه‌دای تۆ، من گه‌دای تۆمز ، شاهه‌که‌م سا دێر ئیحسانێ**

**خرابم له‌ش خرابم بۆ سه‌راپام ته‌عمیرێ**

**شکاون، تێ شکاوم، سه‌ر فیدات، بێ حاڵ و سامانێ**

**له عاله‌مدا، له عاله‌مدا نییه وه‌ک به‌نده مه‌ئیووسێ**

**ده‌سا ڕه‌حمێ، ده‌سا ڕه‌حمێ، به خواری دڵ په‌رێشانێ(سه‌ید تاهیر، ١٩٣)**

# بەشی دووەم:

# مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا

## بەشی دووەم: مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا

٢) مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا

١/٢) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا جیهاندا

٢/٢-١) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا کوریدا

٣/٢) جۆرەکانی ڕەوانبێژی لەڕوانگەی شارەزایانەوە

٣/٢-١) ڕەوانبێژی ڕوونبێژی

٣/٢-٢) ڕەوانبێژی واتاناسی

٣/٢- ٣) ڕەوانبێژی جوانکاریی

٣/٢- ٣-١) جوانکاری وشەیی

٣/٢- ٣-٢) جوانکاری واتایی

٤/٢) سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی

## هێڵکارییەک بوونی هەیە بریتیە لە:

- هێڵکاریی ژمارە (١) پۆلێنکردنی ڕەوانبێژیی

## ٢) مێژووی ڕەوانبێژی لەنێو ئەدەبدا

ڕەوانبێژی وەک زانستەکانی تر خاوەنی مێژوو و سەرهەڵدانێکی تایبەت بە خۆیی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مێژووی ڕەوانبێژی بە تەواویی ڕوون و ئاشکرا نییە. هاوڕایەک لەسەر ئەوە هەیە، کە ((هیندی)یەکان دەستپێشخەرییان لە توێژینەوە لەبارەی واتای زمانەوە کردووە) ،(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٩)، واتا هیندییەکان سەرەتا لێکۆڵینەوەیان لە واتای زمانی کردووە، (لەلایەن (پانینی) لێکۆڵەرێکی ئایینی بوو، لێکۆڵینەوەی لە کتێبی (هەشتین)ەوە کرد، لێکۆڵەر بەمەبەستی سەرەکی ڕاست خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکانی بووە.) (ئەبوبەکر، ١٢/١/ ٢٠٢٢)

یۆنانییەکان گرنگییەکی زۆریان بە ڕەوانبێژی داوە، سەرەتا وەک ((هونەرێک بوو بۆ داهێنانی گوتار، دواتریش بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی سوودی لێ وەرگیرا، تا لەوەش زیاتر وای لێهاتووە، ڕەوانبێژی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرە شیعرییەکانی تر بۆ هەموو ئەدەب درێژ ببێتەوە)) (سلێمان،٢٠٢٠: ٦) واتە هونەری گوتاردان لەسەر مینبەر و شانۆ بووە، دواتر هەموو گفتوگۆی ژیانی کۆمەڵ لە خۆگرتووە. هاوکات یەکەم کەس یۆنانی کە ئاماژەی بە هونەری ڕەوانبێژی کردبێت، (ئەرستۆ ٣٢٣ پێش زایین) دوو کتێبی بەناوبانگی نووسی بە ناوەکانی (هونەری شیعری) و(هونەری وتاردان) کە ڕەوانبێژی جیا کردەوە، لە باسی وشەشدا گرنگییەکی زۆری بە هونەری ڕەوانبێژی داوە. کە ڕەوانبێژی، وەک زانست ڕەگەکەی بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، هەموو مرۆڤەکان بە هەموو فەرهەنگ و کولتوور و ڕەگەز و زمانە جیاوازەکانیانەوە لە گۆشەیەکی ئەم گەردوونەدا

کاتێک ویستوویانە بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕەوان قسە بکەن و بنووسن پەنا بۆ ڕێسا و یاساکانی ڕەوانبێژی دەبەن.

بێگومان جوانسازی و ئاراستەکردنی قسە لە ڕۆژگارانی کۆنەوە جێی بایەخ بووە و خەڵکی وتەی جوان و ئاراستەکراویان زیاتر بەلاوە پەسەند بووە، نەتەوەکانی عەرەبیش گرنگییان بە زانستی ڕەوانبێژی و هونەرەکانی داوە، واتە پێش هاتنی ئیسلام و هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز و ئاستێکی بەرزیان لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە هەبووە، بەڵگەش (شیعری (معلقات)ە لەڕووی هونەری و جوانکاریەوە ئاستێکی بەرزدان، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هەریەک لە (فەراک، جاحز، ئیبنوموعتەز، عوبەیدەی کوڕی موسەننا، سەکاکی و ... هتد) و دەیانی دیکە گرنگیان بە ڕەوانبێژی و هونەرەکانی داوە.) (عەزیز، ٢٠٢١: ٥٦) لە ئەمەوە دەتوانین بڵێین، ڕەوانبێژی زیاتر لە سەر بنەمای کەسی و زانینی چەند یاسا و ڕێسایەک بووە، کە بە هێزی و بیهێزی گوتە و دەربڕینەکانی پێ دیاری دە کرا.

نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر هەوڵی لێکۆڵینەوەی لە زانستی ڕەوانبێژی داوە، بەڵام بەهۆی گەلێک هۆکاری (نەتەوەیی و ڕامیاریی و ئایینی و کولتووریی و ... هتد)ەوە لە چاو نەتەوەکانی تردا دواکەوتووە، وەک (خەتیبە موسڵمانەکان لەڕێگەی وتارەکانی هەینی هونەری ڕەوانبێژی بەکارهێناوە.) (عەبدوڵلا ، ٢٠١٣: ١٠)، لێرەوە دەتوانین بڵێن لێکۆڵینەوە لە هونەری ڕەوانبێژی، لەسەدەی بیستەمەوە بووە، یەکەم کەسیش، لە بارەی ڕەوانبێژییەوە نوسیبیت ((شێخ نوری شێخ ساڵح)ە، لە زنجیرە وتارێکی بە ناوی (ئەدەبی کوردی) لە ساڵی (١٩٢٦- ١٩٢٧)ز لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا، کە ژمارەکانی (١٨- ٢٥) تیشکی خستووەتە سەر هەندێک لایەنی ڕەوانبێژی)، (عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١٠)، لە

سەردەمی ئەمڕۆدا بە بەراورد بە پێشوو گۆرانی بەسەردا هاتووە و فراوانتر و خێراتر بووە، بێگومان ئەو گۆڕانانەی لە دونیای دەرەوەی زماندا ڕوو دە دات، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی نویٚ دەهێنێتە ئاراوە، هاوکات ئەم گۆڕانکارییە ئەدەبیاتی گرتووەتەوە.

## ١/٢) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا جیهاندا

ڕەوانبێژی یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ئەدەب و زانستیکی زۆر کۆن و فراوەن دادەنرێت، بە ئاسانی ناتوانرێت گوزارشتی لێوەبکرێت، هەریەک لە گوزارشتەکان بە پێی ئەزمون و توانست و سەلیقەی ئەدەبی هەریەک لە توێژەرەکان جیاوازە بەهۆی ڕۆشنایی ئەو ڕێباز و میتۆد و قوتابخانانەی کە لەئەم بوارەیان توێژینەوە کردووە، لێرەدا ئاماژە بە ناساندنەکان دەکەین:

ئیمامی علی خاوەنی کتێبی (نهج البلاغه) لەبارەی ڕەوانبێژییەوە دەڵێت: ((ڕەوانبێژی ڕوونکردنەوەی نادیارەکانە بەئاسانترین شێوە، لە ڕەوانبێژیدا مەرجە واتا ڕوون بێت و دەربڕینەکانیش قبوڵکراوبن.)) (فەرحان، ٢٠١٤: ٩) لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی فارسیش زۆرکات ڕەوانبێژی بە مانای زمانپاراوی، ڕوونبێژی پێناسە دەکەن، لەئەم بارەیەوە (ذبیح الله صفا) دەنوسێت ((ڕەوانبێژی پەیوەستە بە قسەکەر و گوێگرەوە، تایبەتمەندی ڕەوانبێژی، لە ڕوانی و زمانپاراوی و پەیوەست بوون بە کاتی قسە کردنەوەیە)) (فەرحان، ٢٠١٤: ١٣). (ئەرستۆ)ش لە (پۆیەتیکا)کەیدا بەئەم شێوەیە لەبارەیە ڕەوانبێژیەوە گوتویەتی (چاکترین ئەوەیە، کە واتاکەی ڕەوانە و ناشرین نیە. ڕەوانترین دەقیش لە وشە باوەکان پێکهاتووە، بەڵام لەوانەشە وەکو

شیعرەکانی (سلیفوان و سیێلیس) دەقێکی ناشرین بێت، بە پێچەوانەوە دەقێکی نایاب و زۆرتریش لە پەخشانەوە دوورە ئەگەر لە وشە باوەکان پێکنەهاتبێت، بۆ نمونە وشەی داهێنرا، میتافۆ درێژکراوەی تیدابێت و لە گوتەی ڕۆژانەوە جیاوازبێت)) (کەمال،٢٠١٠: ٥٣-٥٤) واتە هونەری ڕەوانبێژی زیاتر لە شیعردا بوونی هەیە، وەک لە پەخشاندا هەبێت، چونکە شاعیر لادانی زمانەوانی دێنتە ئاراوە.

## ٢/٢-١) چەمکی ڕەوانبێژی لەئەدەبدا کوریدا

زاراوەی ڕەوانبێژی لەڕووی زمانەوانییەوە وشەیەکی ناسادەیە، و مۆرفێمکی وشەداڕێژە لە (ئاوەڵناوی (ڕەوان) بەواتای (خوێندنەوەی بێگرێکردن)، لەگەڵ (بێژ) لە ڕەگی کرداری (بێژتن/ گوتن) وەرگیراوە) (سلێمان، ٢٠١٤: ٢٣). هاوکات وشەی ڕەوان بەواتای ڕۆح یان گیان بەکاردێت، ئەرکی گەورەی ڕەوانبێژی بریتیە لە پەروەردەکردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵ دادەنرێت. یەکێک لەئامانجەکانی ڕەوانبێژی شاعیرانی کورد بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان نێوکۆمەڵگە دادەنرێت


لە تێڕوانینی یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی بواری ڕەوانبێژیی کوردیدا، کە (عەزیز گەردی)یە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێت: ((هەر قسەیەک کە ئەوترێت یان ئەنوسرێ ئەوکاتە ئەکەوێتە ژێر ئالای ڕەوانبێژی و دەنگ ئەداتەوە کە بچێتە دڵی گوێگر و گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە کە هی قسەکەرە ئەر وانەبێ ڕەوان نیە جۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵنەقوڵاوە)) (گەردی، ١٩٧٢: ١٧)، بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین: شاعیر و نوسەر بنچینەیەکی بەهێزی

هەبێت، بر جوانی یاری بە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی بکات، هەتاوەکو کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونگ گوێگر هەبێت، هاوبەشیان لە هەست و نەستی خۆیدا پێبکات. بەتێڕوانی (هەژار فەقێ سلێمان)ش پێی وایە، کە ((ڕەوانبێژی کۆمەڵە یاسایەکە تیایدا دەربڕینی یەک واتامان بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز دەست دەکەوێت)). (سلێمان، ٢٠١٣: ١٤)، یەک واتا بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز دەربڕینت. ئەوەمان بۆ ڕوونبووە، کە ڕەوانبێژی واتە قسەیەکی بێ گرێ بێت، ئەو قسەیەی کە قسەکەر دەیکات ڕوون و ڕەوانە کە گوێگر بەئاسانی لێی تێبگات، یان ئەو قسە و ئاخاوتنانەیە کە تاک ڕۆژانە لەگەڵ کەسانی چواردەوری بەکاری دەهێنێت، بەڵام لەچوارچێوەی وشە ڕێزمانییەکاندا.

## ٣/٢) جۆرەکانی ڕەوانبێژی لەڕوانگەی شارەزایانەوە

ڕەوانبێژی بە دیارترین و فراوانترین هونەرە ئەدەبیەکان دادەنرێت، کە پانتایەکی زۆری لە هونەرەکانی شیعر بۆ خۆی گرتووە، لێرەوە دەتوانین بڵێین: ئەو پایە گرنگەیەتی، کە زۆرترین بیروڕای جیاواز لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە لە بارەی بنەما و جۆرەکانییەوە بخەینەڕوو. لەئەم پۆلێنکردنەی ڕەوانبێژیدا لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

((هێڵكاریی ژماره((١)) پۆلێنكردنی ڕەوانبێژیی))




وەك لە هێڵكاریی ژماره (١)دا خراوەتەڕوو، هێڵكارییەكەیش زیاتر بەرچاوڕوونییە لەسەر ڕەوانبێژیی كە سێ بەشی لێ جیاكراوەتەوە.

## ٣/٢- ١) ڕەوانبێژی ڕوونبێژی

ڕوونبێژی پێگەیەکی گەورە و فراوانی لە ئەدەبدا هەیە، بە ڕادەیەک وەک کەرەستەیەکی بەها دار، هاوکات بە یەکێک لە بنەما گرنگ و سەرەکییەکانی ئەدەب دانراوە، ئەمەش ڕەنگ پێدانەوەی فراوان و کاریگەری بەهێزی لە بواری ئەدەبیدا هەبێت. بەتایبەتی لە بواری شیعردا، هەر بۆیە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە جێگای بایەخی شاعیران و نووسەران و ڕەخنەگران بووە.

ڕوونبێژی لە ڕووی زاراوەییەوە وشەیەکی لێکدراوە، بەم شێوەیە دروستبووە (ڕوون+ بێژ+ ڕەگی کرداری (گوتن)+ ی پاشگر)، لە ڕووی وشەییەوە بە واتایی ((ئەو گوتە و ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکران، لێڵیان تێدانییە)) (عەزیز، خۆشناو، ٢٠٢١: ٥٨)، لە ڕووی زاراوەییەوە، بە واتایی (ناوی یەکێک لە زانستەکانی ڕەوانبێژییە، فێری ڕووەکانی گوزارشتکردن و دەربڕینی واتای مەبەست دەبتن، بە وشە و دەربڕینی بابەتی و ئاوازی

(عەقڵی).) (فەرحان، ٢٠١٤، ٢٣). لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەوڵدەدەین بیناسێنن و قسەی لە بارەوە بکەن. بەهۆیی کاریگەریی ئەو ڕێباز و میتۆد و قوتابخانە ئەدەبیانەی کە هەیەتی ڕەنگدەداتەوە لە بابەتەکە خستنەڕووی. ئێمەیش لێرەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی ڕوونبێژی لە ڕوانگەی ئەدەبناسانی کورد و جیهانەوە دەکەین.

ئەم وشەیە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هات، واتا لەئەو گشتگیر و فراوانەوە بۆ واتایەکی زانستی و زاراوەی تایبەت گۆڕدرا، یەکەم کەس لە زانستی ڕوونبێژدا دەستێپکرد، (ابو عثمان الجاحظ) بوو لە بارەی ڕوونبێژیەوە دەڵێت: ((ناوێکی گشتی یە بۆ هەموو شتێک کە مانایەکی شاراوە ئاشکرا بکات، لادانی دەمامک لەسەر شتە شاراوەکان بۆ ئەوەی گوێگر بگات بە ڕاستیەکان.)) (حسێن، ٢٠١٤: ٢٤). بوارەکانی ڕەوانبێژیی، خوێنەر و گوێگر کاتێک ڕووبەڕووی بەرهەمێکی ئەدەبی دەبنەوە، کۆمەڵێک ڕووداوی شاراوە لە بەرهەمەکە هەستی پێدەکەن، بەلادانی ڕووپۆشەکە بە مەبەستە شاراوەکە دەگەن.

(عەبدولواحید موشیر دزەیی)یش، لە یەکێك لە سەرچاوەکانیدا (پراگماتیک و ڕەوانبێژی)، باسیکردووە، دەڵێت: ((مەبەست لە ڕوونبێژی زیاتر دەرخستنی ڕوونی دەربڕین و گەیاندی واتایە، دەربڕینەکان لەم هونەرە ڕەوانبێژییەدا سادە و ساکارن و بە شێوازێکی گونجاو و کاریگەر دەربڕاون)) (دزەیی، ٢٠١٥: ٧١)، لەئەم پێناسەیەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە مرۆڤ لەئەم پرۆسەیەدا هەست و ئارەزووەکانی سادە و ساکارنی دەردەبڕێت لە قاڵبێکی زمانی یان نازمانی بە بەرانبەرەکای دەگەیەنێت. لەئەم پێناسەنەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕوونبێژی بریتیە لە ئەو زانستەیی کار بۆ دەرخستنی واتایەک بەچەند

ڕێگەیەکی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت، وەک هونەرەکانی (چواندن و خوازە و درکە) لەخۆدەگرێت. وەک لەئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکینەوە.

أ. ئاخ بەبێ بارانی لوتفت وەک گیا چەوسامەوە

داخ وەکوو پووشێ بە جەزوەی جەزبە هەڵگیرسامەوە (سەیید تاهیر، ٩٩)

گیا چەوسامەوە: لەوچوون، وەک: ئەوزارە، لوتفت: ڕووی لەئەوچوو، فانۆز: لەوچوو، میسلی: ئەوزارە، دەسوتێم: ڕووی لەئەوچوو. ئەم هونەرە که لە نموونەی (١) لە (أ)دا، ڕوونکراونەتەوە، کە شاعیر سەیید تاهیری هاشمی گرنگی بە هونەری ڕوونبێژی داووە.

## ٢-٣/٢) ڕەوانبێژی واتاناسی

لەڕووی پێکهاتەی زاراوەکەیەوە لە وشەی (واتا)، لەگەڵ ڕەگی کرداری (ناسین)، کە (ناس)ە، و پاشگری وشە داڕێژ (ی)، کە زاراوەیەکی لە ئاوەڵناوەوە کردووەتە ناو پێکهاتووە، (لە ڕووی وشەیەوە: واتا، لە ڕووی زمانەوە بە واتای تێگەیشتن لە وشە و ڕستەکان و ئاخاوتن و دەقە ئەدەبییەکان دێت، چونکە مەرجی ئەوەیە بە وشە، وشە بگوترێت، بە ڕستە، ڕستە بە ئاخاوتن، ئاخاوتن بە دەق بگوترێت. لە ڕووی زاراوەشەوە، ئەم لقەی ڕەوانبێژی، زانستی ناسینەوەی دۆخی دەربڕینە، هاوکات باس لە توێژینەوە لە واتا دەکات لە بارەی (کورتبڕی، درێژبڕی، پێشخستن، داڕشتن، جیاکردنەوە و بەستنەوە و ... هتد) دەگرێتەوە.

لە ئەم بارەیەوە توێژەرێکی زمان دەڵێت: ((واتاناسی، بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشە و لە گشت ئەو مەسەلە و کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان

به مانای وشەوە هەیە)). (مارف، ٢٠١٤، ٣٠٩) لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، واتاسازی لقێکی زانستی زمانە، بەگشتی لە واتای وشەکان دەکۆڵێتەوە. هاوکات ((واتاناسی، زانستێکە دامەزراوە لە سەر چەند بنەمایەک بۆ ناسینی قسە و وزارشت لە بارەی ڕەوانی و دەربڕین بەپێی پێویستی شوێن و ئاستی کەسی دەربڕاو)) (گەردی، ٢٠١٣ : ١٧ )، کەواتە زانستێکەلە نێو ئەدەب و زماندا هاوبەشە، لێرەوە دەتوانین بڵێین، زانستێکە کە توانا و سنورەکانی زمان شرۆڤە دەکات و بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان لە بوارە جیاوازەکاندا سودی لێوەردەگرێت. وەک لەئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکینەوە.

أ. دوێنێ هەموو جیهان شڵەژابوون وتم چییە؟

وتیان: وەفا و پیاوەتییە لێرە بار ئەکا (سەیید تاهیر، ٧١)

یەکێک لە هونەرەکانی واتاناسی بریتییە لە پرسیارکردن، هاوکات بۆ دڵنیابوونەوە ئامڕازی پرسیار پێشکەشکراوە. دووبارە لێرەدا هونەری پرسیارکردن بەکارهاتووە، بەڵام ئامڕازی پرسیار پێشکەش نەکراوە. ، لە نموونەکانی ٢ (أ)دا، خراوەتەڕوو، کە پرسیارکردن بە یەکێک لە لقەکانی واتاناسی دادەنرێت.

## ٣-٣/٢) ڕەوانبێژی جوانکاریی

جوانکاری یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکیەتی ئەدەبی، کە شاعیران و نوسەران لە مێژویەکی زۆر کۆنەوە بایەخیان پێداوە و وەک سەرچاوەی سەرەکی و گرنگی گۆڕانکاری و داهێنانی شیعری سەیریان کردووە، هاوکات پانتایەکی فراوانی لە دیوانی شاعیران داگیرکردووە.

لە زمانی کوردیشدا بەگشتی جوانکاری بەکارهاتووە، (جوان+ ک ڕەگی کرداری (کردن)+ اری (پاشگر))، ئەم ئاوەڵناوە ناسادەیە، هاوکات جوانکاری لە ڕووی وشەییەوە بەواتایی (جوانکاری بەسەر یەکەوە واتە: ئەو کارە جوانانەبهەر کەسە لە بواری پسپۆڕی خۆیدا ئەنجامیان دەدات) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ٢٤٧). یان ((جوانکاری لە ڕووی زمانییەوە واتە داهێنانی نوێ و تازە کە لە پێشودا هاوشێوەی نەبێت)) (عمر، ٢٠١٩: ١٤) لەگەڵ ئەوەشدا لە زاراوە و بابەتی ئەدەبییەوە، بە واتایی: (زانستی جوانکاریی، بەمانای ئەدەبیەکەی گرنگی و بایەخ بە بەئەم لایەنە دەدات، کە بەرهەمی ئەدەبی لە واتا و ئاوازەوە لە قسە و ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەماندا جیادەکاتەوە.) (گۆریل، ٢٠١٤: ١٤٨). یدەتوانین بڵێنن، ئەو زانستەیە جوانی وشە و قسەکردنی پێدەناسرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە جوانی و ڕوونی واتا دەدات. لەناو ئەدەبناساناندا پێناسەی جۆراو جۆر بۆ جوانکاری کراوە و هەر نوسەر و توێژەرێک لە ڕوانگەیەوە پێناسەی کردووە.

## ٣/٢- ٣-١) جوانکاری وشەیی

ئەمجۆرە زیاتر لە لایەنی ئاواز و مۆسیقای وشەوە دەکۆڵێتەوە، و ئاوازی وشەکان لە ئاستی ستونی و ئاسۆییدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. توێژەرێکی ئەدەبیش زۆر بە وردی باسی جوانکاری وشەیی دەکات و دەنوسێت: ((ئەو جوانکاریانەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەربڕێنەکان جوان دەکەن، هەندێکجاریش واتاکان بە دوای ئەوەدا جوان دەکرێن)) (فەرحان، مەریوان حسێن، ٢٠١٤: ٤٠). وەکو ئەوەی گوتراوە، ئەو جوانکاری وشەیی کە ((لەلایەنی ئاواخ و

مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵە و ئاوازی وشەکام لە هەردوو ئاستی ئاسۆی و ستونیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە)) (گەردی، ١٩٧٨: ٧٦-٧٧) کەواتە دەتوانین بڵێین: جوانکاری وشەیی بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر دەربڕین و ڕوخساری وشەکان دەکات، کەمتر کار لەسەر واتا و ناوەرۆک دەکات. هونەری تایبەتی لێدەبێتەوە، وەکو: (ڕەگەزدۆزی، هینانەوە، کەرتکردن، پاتکردن و ... هتد) لە نێو بەرهەمی ئەدەبی و دەق دیاریدەکەن. لەئەم نموونانەدا ئەم حاڵەت بۆ ڕوونتر دەکاینەوە:

أ. مەگەر نەماوە مورووەت، مەگەر بڕاوە وەفا

کە هەر جەفایە سزای حاڵی ئەهلی سەفا (سەیید تاهیر، ٤١)

لێرەدا شاعر سەیید تاهیری هاشمی، وشەی (وەفا) و (سەفا)ی وەک هونەری جوانکاریی بەکارهیناووە، هاوکات وەک ڕەگەزدۆزی ناتەواو دادەنرێت. وەکو لە نموونەی (٣) لە (أ)دا شیکراوەتەوە، هەریەک لە تێهەڵکیش و ڕەگەزدۆزی لقێکن لە هونەری جوانکاری وشەیی دادەنرێن، کە نووسەر و شاعیران بۆ جوانکردنی نووسین و بەرهەمەئەدەبییەکانیان بەکاریدەهێن.

## ٣/٢- ٣-٢) جوانکاری واتایی

جۆرێکی زانستی جوانکاریی، کە شان بە شانی جوانکاری وشەیی ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی و شیعردا هەیە، لەسەر بنەمای واتای وشەکان هاتوەئارەوە، وەك دەبینین لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕووی واتاوە دەکەنەوە ((لەلایەنی واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی چێژی جوانیناسییەوە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٢٩٢)، واتە نوسەر، شاعیر یان

ڕەخنەگر  بایەخ بەلایەنی واتا دەدەن. ، نوسەرێک بەئەم شێوازە لێی دواوە و دەڵێت ((جوانکردنەکە بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەر چی هەندێکیان بە واتای جوانکردن دەربڕینیش دێن، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بە هاوواتاکەی گۆڕا، جوانکاریەکە ئاماژە بۆ کراوەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەست لەم جوانکارییە جوانکردن و باشکردنی مانایە)) (فەرحان، ٢٠١٤: ١٠٣) هاوکات ئەمجۆرەشیان نزیکەیی (٤٠) هونەری تایبەتی لێدەبێتەوە، وەکو: دژیەک، جوانی بایس، پۆشین، کۆکردنەوە و ... هتد. لەئەم نموونانەدا ئەم حاڵەت بۆ ڕوونتر دەکاینەوە:

أ.            من لە دۆسان دوژمنیم بینی و گوڵم لێ بوو بە خار

دۆستی حەق ڕەحمێ، گوڵی گوڵزاری زەهرا هیممەتێ

لێرەدا وشەی (دۆست و دوژمن) دژیەک بەکارهێنراون. سەیید تاهیری هاشمی هونەری گێڕاندنەووەی بەکارهێناوە،  وەکو لە نموونی (٤) لە (أ)دا شیکراوەتەوە، هەریەک لە دژیەک و گێڕاندنەوە لقێکن لە هونەری جوانکاری واتایی دادەنرێن، کە نووسەر و شاعیران بۆ جوانکردنی  واتایی نووسین و بەرهەمەئەدەبییەکانیان بەکاریدەهێن.

## ٥/٣) سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی

ڕەوانبێژی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەب دادەنرێت، وەک لە پێناسە و بیروڕاکانی سەرەوەدا خراونەتەڕوو، کەئەم بۆ چوونانەی سەرەوە هەریەکێکیان لە ڕوویەکەوە لە وشەیان ڕوانیووە، لە لایەن خەمخۆران و

پسپۆرانی ئەدەب کوردییەوە تایبەتمەندییەکانی ڕەولانبێژیی کۆمەڵێك خاڵیان لە سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی بۆ دیاریکردوە. لێرەدا دەیانخەینەروو:

یەکەم: موحسین ئەحمد گەردی، ئەم چەند سود و ئامانجی ڕەوانبێژی دەستنیشانکردووە. (گەردی، ٢٠١٣: ١٤)

١- ڕەوانبێژی بۆخۆپاراستنە لەو هەوڵانەی کە ڕوو لەمانا دەکەن.

٢- بۆ جیاوازی وشە ی پاراوە لەوشەکانی تر.

دووەم: هەژار فەقێ سلێمان بە شێوەیەکی ئەکادیمیی سێ سود و ئامانجی ڕەوانبێژیی دیاریکردووە. (سلێمان، ٢٠١٣: ١٢)

١- -دیاریکردنی کۆمەڵێک پێودانگ بۆئەوەی دەقی ئەدەبی لەڕێگە هونەری وشیعرییەکەی لانەدات.

٢- بزواندنی بیر وڕاهێنانی لەسەر وشەی جوان. بیرکردنەوەیەکی واتە دووربێت لەهەڵەو کەم وکوڕی.

٣- شاعیر و قسەکەر ڕێنوی دەکات، تاوەکو وشەی پاراو مۆسیقی هەڵبژێرێت، چونکە ئەرکێکی دیاری ئەم زانستە مۆسیقایە، ئەویش بە هێنانەوەی ئەو وشانەی لە یەکەوە نزیک لە ڕووی شێوە و پیتەوە.

سێیەم: خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، بەشێوەیەکی گشتی سود و ئامانجی ڕەوانبێژیی دەستنیشانکردووە. (حەمەئەمین، ٢٠٢١: ٥٥- ٥٦)

١- بیرکردنەوەیەکی ، دووربێت لە کەموکورتی و ناتەواوی

٢- دەستنیشانکردنی و هەڵبژاردنی کۆمەڵێک پێوەر و پێودانگە بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی لە ڕێگە هونەری و شیعرییەکەی لانەدات.

٣- بەیەکگەیاندن و موتۆربەکردنی خەیاڵ و ڕاستی، یان بە واقیعکردنی خەیاڵ و بە خەیاڵ واقیع لە ڕێگەی دروستکردن و بونیاتنانی کۆمەڵێک وێنەی نەگوتراو و نەبینراو، تەنانەت هەندێکجار هێنانەوە و دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی دژ بە یەکن، لەمەشدا شاعیر سەربەستە لە هێنانەوەی هەر وێنەسازییەک.

٤- ڕەوانبێژی جۆرێکە لە داتاشین، پێدانگ سفت و سۆڵی بە ڕووکاری دەرەوەی دەقەکان، ئەمەش و وادەکات، وەک پەردەیەک دەربکەوێت و بدرێت بەسەر ناوەڕۆکدا ئەگەر لاوازیش بێت.

٦- گەیاندنی سوود و پێدانی چێژ لە ڕێگەت واتا نوێ و داهێنراوەوە، ئەم کارەش بە زۆرێک لە ڕێگەی میتافۆڕ و لادانە زمابییەکانەوە دەهێتەدی. (جامی، ٢٠١٦: ٥)

وەك لە سەرەوە خراوەیەڕوو، لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی قووڵی لە ڕەوانبێژیی ڕای جیاواز توانییان بەئەم شێوەیە سود و ئامانجەکانی ڕەوانبێژیی دەستنیشانبکەن، بەشێوەیەکی گشتی و پوختی خستمانەڕوو، ئەمەیش بەهای ئەم زانستە دەردەخات. کە بەلای پسپۆڕانەوە کە چەند گرنگ و بە بەهایە بۆمان دەخاتەڕوو.

# بەشی سێیەم:

# بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری (سەیید تاهیری هاشمی) دا

# بەشی سێیەم: بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری  سەیید تاهیری هاشمی

- ٣) تیۆریزەی چەمکی پاتکردنەوە
- ١/٣) زاراوە و تێگەی پاتکردنەوە
- ٢/٣) شێوازەکانی هونەری پاتکردنەوەی
- ٣/٣) بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری  سەیید تاهیری هاشمی
- ٣/٣-١) مەبەستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی
- ٣/٣-٢) ئاستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی
- ٣/٣-٢-١) پاتکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا
- ٣/٣-٢-٢) پاتکردنەوە لە ئاستی ستوونیدا
- ٤/٣) جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی
- ٤/٣-١)پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی وشە پاتکراو
- ٤/٣- ٢ ) پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی جواری ڕێزمانی وشەکە

## ٣) تیۆریزەی چەمکی پاتکردنەوە

ئێمە لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە ڕەوانبێژی کردووە، لە سێ بەش (ڕوونبێژی، واتاناسی، جوانکاری) پێکهاتووە، هەروەها باسی جوانکاریی و بەشەکانی کە (جوانکاری وشەیی، جوانکاری واتایی) ئاماژەمان پێکردووە. هاوکات جوانکاری وشەیی چەندین هونەر لە خۆدەگرێت، یەکێک لەئەو هونەرانە (پاتکردنەوە)یە، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک بە هەمان مانا و مەبەست، کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

## ٣/ ١) زاراوە و تێگەی پاتکردنەوە

لە زمانی کوردییدا بەرانبەر زاراوەی پاتکردنەوە چەند زاراوەیەکی تر بەکار هێنراوە، وەک (دووپاتکردنەوە، دووبارەکردنەوە، چەند بارە کردنەوە)، لە زمانی عەرەبیدا واتای (التكرار) و بە ئینگلیزیش (Repetition) پێ دەگوترێت.

کاتێک باسی پاتکردنەوە دەکەین، دەبێت بچینە هەموو ڕێچکە و قوژبنەکانی باسی ڕەوانبێژییەوە، چونکە زۆر جار کە باسی پاتکردنەوە دەکرێت، وێنەیەک لای گوێگر دروست دەبێت کە جیاوازە لە خودی واتا و قووڵایی پاتکردنەوە، بێگومان گرنگیدان بە پاتکردنەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران کە بە ئاگایەوە باسی لێوە بکەن لەوانە "حەمەوی" گوتوویەتی ((پاتکردنەوە ئەوەیە قسەکەر وشەیەک بە هەمان دەربڕین و واتا پاتبکاتەوە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١١: ٢٤٥)، ئەمەش لەبەر ئەوە پەنای بۆ دەبرێت، چونکە واتا هەندێک جار لە وشە فراوانترن، وەک زانایان گوتوویانە ((لەبەر ئەوەی واتا بە گشتی لە وشەکان فراوانترە، بۆیە پێویستی وەهای خواستووە، پاتکردنەوە ئەنجام

گشتی لە وشەکان فراوانترە، بۆیە پێویستی وەهای خواستووە، پاتکردنەوە ئەنجام بدرێت، بۆ پڕکردنەوەی واتاکان))، (سەرچاوەی پێشوو).

(عەزیز گەردی)یش لە ناساندی پاتکردنەوەدا دەڵێت: ((ئەویش هۆنەر یان نووسەر وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک بێنی و چەند جارێک پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت)) (گەردی، ١٩٧٥: ٤٧) لێرەدا ڕادەی پتەویی و گرنگیدانی نێوان فۆرم و واتا دەردەکەوێت.

توێژەرێک ئاماژەی پێداوە و دەڵێت: ((لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی وشەکە وەک یەک بن، هەروەها بۆ چەندین مەبەست بەکار دێت، وەک بۆ چەسپاندنی (واتا)یە لە مێشکی گوێگر و بردنە نێو دڵییەوە، بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، بۆ بڕینەوەی هۆنراوە و بەجێ هێشتنی کاریگەرییەکی بەهێز))، (عومەر، ٢٠١٩: ٣٥٢). لێرەوە دەتوانین بڵێین، پاتکردنەوە بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە بەکاردەهێنرێت، هاوکات کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر گوێگر جێدەهێڵت، یان ((پاتکردنەوە لە دوای دەربڕینی مەبەست، وشە بۆ چەند جارێک لە سنوری دێڕی شیعردا بوترێتەوە بە هەمان واتای مەبەست.))، (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٩٠). واتە وشەیەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، بە مەرجێک هەمان واتایان هەبێت. پاتکردنەوەدا خوێنەر گرنگی پێ دەدرێت، نووسەرێک لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پاتکردنەوە سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، جەخت دەخاتە سەر خوێنەر)) (سەعید، ٢٠١٧: ٢٨٩)، یان (شیعر کاتێک کاریگەر دەبێ کە شاعیر بە شێوەیەکی لێهاتوو و زیرەکانە دەنگەکان، وشەکان، گرێکان ڕێک

بخات، که هۆی هەڵقوڵانی چێژێکی بەهێز و ڕووژێنەر لەلای خوێنەر.) (محمد، ٢٠١٤: ١١٣).

ئەزموونی شاعیر و نووسەر لە پاتکردنەوەدا دەردەکەوێت، ((شاعیری لێهاتوو لە خۆوە وشە ڕیز ناکات، بەڵکوو وشە هەڵدەبژێرێت، بۆیە دووبارەکردنەوە سیستەم و بونیادێکی تایبەت بەدی دەهێنێت))، (عوسمان، ٢٠١٨: ٢٤٠). نووسەران گرنگی بە ئەرکی پاتکردنەوە دەدەن، و دەڵێن: (زۆر کات شاعیر بە مەبەستی جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر مانا و مەبەستی وشەکە پاتکردنەوە ئەنجام دەدات، جوانی پاتکردنەوە بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر واتایەک کە دەخرێتە ڕوو، یان گەورەکردنی حاڵەتێکی دەروونی، سیاسی، یان هەر حاڵەتێکی تر کە گوزارشتی لێدەکرێت. هەروەها هاوسەنگکردنی سەروای دێڕەکە و دروستکردنی مۆسیقایەکی خۆش بە کاردەهێنرێت.). (عەبدوڵلا، ٢٠١١: ٢٤٧). یان ((هەروەها یەکێکی تر لە ئەرکەکانی هونەری پاتکردنەوە، بریتییە لەوەی کە دەقەکە جوان بێت، پاتکردنەوە لە دەقدا ئەرکێکی جوانناسی هەیە، چونکە پاتکردنەوە لە دەقە شیعرێکیاندا وادەکات کە ئەو شیعرە کاریگەرتر بێ وە جوانتر بێ.)) (حسێن، ٢٠١١: ٤٥).

لێرەوە دەتوانین بڵێین، پاتکردنەوە بریتییە لە وشەیەک یان گرێیەک بۆ چەند جارێک دووبارە ببیتەوە، کە دەبێتەوە هۆی ئەوەی خوێنەر و گوێگر بەرهەمە ئەدەبییەکەی پەسەند بکات، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە بە دەقەکان بەهای جوانی و سەرنجڕاکێشی پێ دەبەخشێت.

## ٢/٣) شێوازەکانی هونەری پاتکردنەوەی

پاتکردنەوە چەندین شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، نووسەر و شاعیر بە شێوەیەکی لێهاتووانە هونەری پاتکردن لە نێو دەق و نووسینەکانیاندا دەبینرێت، ئەم هۆکارەش کە کۆمەڵێک شێوازی بۆ دەستنیشانبکەن، کە توێژینەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە لەبارەیەوە کراوە.

یەکەم: ئیدریس عەبدوڵڵا، نووسەر بە شێوەیەکی ئەکادیمی چەندین شێوازی هونەری پاتکردنەوەی دەستنیشانکردووە، (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٤٤ ، ٢٠١١: ٢٤٦)

١- پاتکردنەوە بە مەبەستی پێداگرتن و تەوکیردن

٢- پاتکردنەوە بە مەبەستی رێککردنی سەرواى هۆنراوەکە

٣- پاتکردنەوە بە مەبەستی تەحەداو بەرەنگاری کردنەوە

٤- پاتکردنەوەی ژمارەی وشەکان، کە چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت.

أ. پاتکردنەوە ڕاناو

ب. پاتکردنەوەی وشەی نەفی

ج. پاتکردنەوە دەستەواژە و گرێ

د. پاتکردنەوە وشە داد و شوکوا

ه. پاتکردنەوە ئاوەڵفرمان

دووەم: موحسین ئەحمد گەردی، توێژەر کۆمەڵێک شێوازی  هونەری پاتکردنی دەستنیشانکردووە: (ئەحمد،  ٢٠١٣، ٢٩٠- ٢٩١)

١- دەربڕینی بێ هێز بە وێنەی هەست پێکراو

٢-بۆ پێدا هەڵدان و سەرسوڕمان

٣- بۆ چاوەڕوانی و مژدە پێدان

٤- بۆ بەردەوامی غەم و پەژارە

وەك لە سەرەرەوە شیکراوەتەوە، لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی قووڵی لە هونەری پاتکردنەوەی ڕای جیاواز توانییان شێوازەکانی هونەری پاتکردنەوەی دەستنیشانبکەن، بەشێوەیەکی گشتی و پوختی خستمانەڕوو، ئەمەیش بەهای پاتکردنەوەی لە چوارچێوەی ڕەوانبێژی دەردەخات.

## ٣/٣) بەرجەستە بوونی پاتکردنەوە لە شیعری  سەیید تاهیری هاشمی

پاتکردنەوە بە هونەرێک سەر بە زانستی جوانکارییە لە ڕەوانبێژی دادەنرێت، کەواتە ئەرکی یەکەمی جوانکاریش بریتییە لە ڕازاندنەوەی دەقەکە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە، واتەبە هۆی وشەکانەوە هونەری جوانکارییەکە دروست دەبێت، بەتایبەتی شاعیرە دەست ڕەنگینەکانی سەردەمانی پێشوو، توانیویانە زۆر بە شارەزایانە شیعری جوانی پڕ واتاکانیان بهۆننەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کەم و کوڕییەك لە واتا و مەبەستەکانیان هەبێت، زانای بەناوبانگی ڕەوانبێژی عەرەبی (أبوهلال العسکری) دەڵێت: ((ئەم جوانکارییە لە قسەو گوزارشتدا ئەگەر خۆماندووکردن و کەم و کوڕی پێوە دیارنەبوو لەوپەڕی

جوانی دایە.)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤٨) واتە لایەنی ئیستاتیکی دەقی شیعر دەبوژێنێتەوە و زیاتر گەشەیی پێ دەدات. بەم شێوەیە کاتێك شاعیر پەنا دەباتە بەر هونەری پاتکردنەوە لەبەرئەوەی جۆرێک جوانیی بە ڕووخسار و ناوەڕۆك ببەخشێت. دەتوانین بڵێین پاتکردنەوە لە شعرەکانی (سەیید تاهیری هاشمی)دا زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. لە هەمان کاتدا شیعرەکانی هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی و ئیستاتیکای شیعریی تێدایە.

## ١-٣/٣) مەبەستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

هەروەك پاتکردنەوە جۆری هەیە، بە هەمان شێوە ئەو جۆرانەش کۆمەڵێك مەبەست لە پشتەوەیان هەیە. گرنگترینیان بریتییە لە واتایەک لە مێشکی وەرگر، خوێنەر یان گوێگردا بچەسپێت، هاوکات بە مەبەستی (پێداگری، شانازی، نیشاندانی خاڵ، نەرێ کردن، ڕەتدانەوەی و ... هتد) بەکاردەهێنرێت لێرەدا ئەو مەبەستانەی لە شیعری سەیید تاهیری هاشمی دەخەینەڕوو.

١- پاتکردنەوە بۆ چەسپاندنی واتا لای وەرگر:

هەوری سەخایە جوودی تۆ، بەحری عەتا و جوودی تۆ

زوڵمەتە نێو دەروونی من، نووری دڵی حەزین مەدەد (سەیید تاهیر، ٢١)

لەئەم دێڕەدا شاعیر پڕ بە دەم هاواری دەکات، لە دووری کەسێک و چارەسەرێکی بۆ دۆزینەوە. هاوکات خوێنەر بهەژێنێت و سەرنجی بۆ خۆی ڕابکێشێت.

٢- پاتکردنەوە بۆ نەرێکردن:

گەر تۆ بڵێی کە شەرع و تەریقەت لە یەک جیان

وا بزانە ئەهلی کوفری و بێ دین و بێ حەیا (سەیید تاهیر، ٤٨)

لیرەدا شاعیر وشەی (بێ)ی لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار پاتکردووەتەوە بە مەبەستی نەرێکردن بەکارهاتووە، ئاراستەی کەسێک دەکات کە شەریعەت تێنەگەیشتبێت.

٣- پاتکردنەوە بۆ ڕەتدانەوەی بەرامبەر

ئەو ژینە نە کە وا ژن و ژان و ژڵێژەیە

ئەو ژینە وا نە ژینە لەبۆی خوێن و خوێنبەها (سەیید تاهیر، ٨٢)

وشەی (ئەو ژینە) لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەیەکی سەرسوڕمانە، بۆ ڕەتدانەوەی کەسی بەرامبەر بەکارهاتووە، هونەری پاتکردنەوەی بۆ مەبەستی ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بەرهەم هاتووە.

٤- پاتکردنەوە بۆ نیشاندانی دۆخە:

وەکوو مەجنوون، وەکوو مەجنوون، بە کێو و دەشتەدا وێڵم

بپرسە، تۆ بپرسە، حاڵەکەی شێتی بیابانێ (سەیید تاهیر، ٥٨)

لێرەدا لە نیوە دێڕی دووەمدا (وەکوو مەجنوون) دەبینرێت، کە ڕستەیەکە بۆ دەربڕینی حاڵ و دۆخە بەکارهاتووە، هاوکات دووجار بە دوای یەکدا پاتکراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتکردنەوە دروستبووە.

**٥- پاتکردنەوە بۆ شانازیی**

**بە وەتەن سوێند دەخۆم چ ڕۆژ و چ شەو**

**بووەتە زیکری دڵم خەیاڵی وەتەن (سەیید تاهیر،٣٩)**

**لەئەم دێڕەیشدا شاعیر وشەی (بە وەتەن)ی بۆ دەرخستنی شانازی بە وڵاتەکە و بۆنی خۆشی و جوانیی و شارەکەوە دووجار بە دوای یەکدا پاتکراوەتەوە بەکارهێناوە، بەئەم شێوەیە هونەری پاتکردنەوەی خوڵقاندووە.**

## ٣/٣-٢) ئاستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

**پاتکردنەوە شیکردنەوەیی لە زانستدا بۆ کراووە، بۆ چەندیین ئاست دابەشکراووە. شارەزایەکانی زانستی ئەدەب لەئەم بارەیەوە دەڵێت کە بۆ دوو ئاست پاتکردنەوە دابەشکراووە.**

### ٣/٣-٢-١) پاتکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا

**ئەم ئاستە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە لە یەك دێڕدا بە هەمان واتا دەگرێتەوە، جا وشە دووبارە کراوەکان بە دوای یەک بەکاردێن، یاخود بە شێوەیەکی دوور لە یەك بەکاردێن.**

**فیدات بێ، گیان فیدات بێ سا بکە لوتفێ لەگەڵ تاهیر**

**بڵێ جارێ، بڵێ جارێ: سەگی دەرماڵەکەم کوانێ؟ (سەیید تاهیر، ٦١)**

### ٣/٣-٢-٢) پاتکردنەوە لە ئاستی ستوونیدا

لەئەم ئاستەدا وشەکە، تەنها لە هەمان واتا دووبارە ناکرێتەوە، بەڵکو دووبارە کردنەوەکە بەسەر هەموو شیعرەکدا دابەش دەبێت، واتە سەرەتای، ناوەڕاست یان کۆتایی شیعرەکە بەکاردێت.

مەهی من، ڕۆشن و ڕەخشانە هێشتا

زەواڵی زوڵمەتی حیرمانە هێشتا (سەیید تاهیر، ١٩٨)

### ٤/٣) جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی

جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمیدا چەند شێوەیەک هەیە، وەك پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی وشە پاتکراوەکە، پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی جۆری ڕێزمانی وشە پاتکراوەکە، هاوکات کە هەریەك لەمانەش چەندین جۆری تر لەخۆ دەگرن.

## ٤/٣-١) پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی وشە پاتکراو

١- پاتکردنەوەی دووانی: ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشەکە دووجار بە دوای یەکدا و لە سنووری یەك دێڕدا هاتبێت.

لێوی ناکەس لە لەعلەکەی ئەنگووت

لێوی من لەم جەفایە باری گرت (سەیید تاهیر، ١٣٥)

وەك لەئەم دێڕەدا وشەی (لێوی) لە نیوە دێڕی یەکەم و دووەمدا، دووجار لە سنووری تاکە دێڕێکدا پاتکراوەتەوە، ئەمەش پێداگرییە لەسەر هەڵوێستێك بەرامبەر بەشێك بەمەش پاتکردنەوەی دوویی پێکهاتووە.

٢- پاتکردنەوەی سێی: ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشە پاتکراوەکە سێ جار بە دوای یەکدا لە سنووری تاکە دێڕێکدا هاتبێت.

ڕاستە باس هەر باس ناڕاسی تۆیە

هەر باسەکەی یار نەناسی تۆیە (سەیید تاهیر، ٩٩)

وەک لەئەم دێڕەدا دەبینین وشەی (باس) لە ئەم دێڕەدا سێ جار لە سنووری تاکە دێڕێکدا پاتکراوەتەوە، ئەمەش جوانی و پێداگرییە لەسەر هەڵوێستێك لە بەرامبەر شتێکدا، بەمەش پاتکردنەوەی سێی بەرهەم هاتووە.

## ٤/٣-٢ ) پاتکردنەوە بە لەبەر چاوگرتنی جۆری ڕێزمانی وشەکە

١- پاتکردنەوەی ناو: واتە ئەوەی لێرەدا پاتکراوەتەوە، بریتییە لە بەشە ئاخاوتنی (ناو)، بەڵام جوانتر و کاریگەرترە لە سنووری تاکە دێڕێکدا بێت.

بە غەمخواری منم مەجنوونی کوردان

بە دڵداری ئەتۆش لەیلا بە لەیلا (سەیید تاهیر، ١٦٧)

وشەی (لەیلا) لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ناو)ە و دووجار پاتکراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتکردنەوەی ناو دروستبووە.

٢- پاتكردنەوەی ناوی واتایی:- لێرەدا وشە پاتكراوەكە بریتییە لە ناوی واتایی لە سنووری تاكە دێڕێكدا بێت.

ئاخ لە دەس كڵپە و شەرارەی ئاریٚ داخ

داخ لە دەس ئێشی برینی خاریٚ داخ (سەیید تاهیر، ١٦٣)

وشەی (داخ) لە نیوە دێڕی یەكەمدا (ناوی واتایی)یە و دووجار پاتكراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتكردنەوە دروستبووە.

٣- پاتكردنەوەی هاوەڵكار:- لێرەدا وشە پاتكراوەكە بریتییە لە (هاوەڵكار)،

كەوتمە ئاوایی و بیابان دەشت بە دەشت و كێو بە كێو

هەم ئەنیسی وەحش و تەیر و هەم ڕەفیقی جین و دێو (سەیید تاهیر، ١٩٤)

لەم دێڕەدا وشەی (كێو) لە نیوە دێڕی دووەمدا (هاوەڵكار)ە و دووجار پاتكراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتكردنەوەی هاوەڵكار بەرهەم هاتووە.

٤- پاتكردنەوەی كردار:- لێرەدا وشە پاتكراوەكە بریتییە لە (كردار)،

فەلەک مەهجووری سایەی ئەو نەمامی نەوبەرەی كردم

زەمان مەحروومی وەسڵی ئەو پەریوەش دڵبەرەی كردم (سەیید تاهیر، ١٤٩)

وشەی (كرد) لەئەم دێڕدا، بریتییە لە (كردار) كە ئەویش دووجار پاتكراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتكردنەوە دروست بووە.

**٥- پاتکردنەوەی ژمارە:- لێرەدا پاتکراوەکە (هاوەڵناوی ژمارەیە)،**

**ئەهلی بەیتت شارحی ئەسراری ئایاتی کەلام**

**چوار یارت چوار ڕوکنی شەرعی بەیزا ڕەحمەتێ** (سەیید تاهیر، ٨٥)

**وشەی (چوار) لە نیوە دێڕی دووەمدا (هاوەڵناوی ژمارەیە)، دووجار پاتکراوەتەوە، بەوەش هونەری پاتکردنەوە بەرهەم هاتووە.**

## ئەنجامەکان

**١- (سەیید تاهیری هاشمی) یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی و ناوێک لە شاناوە خزمەتکارەکانی کۆکەرەوە و نوسینەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت.**

**٢- لە دوای توێژینەوە و خوێندنەوەی دیوانەکەی لە ڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازبوون، هەریەک لە لایەنەکانی (ئایین، نەتەوایەتی، خۆشەویستی، گلەی و گازندە لە چەرخی ڕۆژگار و ...هتد) لە نێو دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێت.**

**٣- شاعیر سەرەڕای ئەوەت شارەزایەژی باشی لە سیاسەت و خۆشنووسی و دامو دەزگا حوکمیەکاندا هەبووە، شارەزایەکی باشیشی هەبووە لە زانستی ڕەوانبێژی و بەتایبەتی زانستی پاتکردنەوە کە مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمانە، زۆر بە شارەزایی تیایدا دەرکەوتووە کە شێوەیەکی زۆر ورد و هونەرییانە هەرسێ هونەرەکەی ئەم زانستەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، شاعیر جوانیرین وێنەی لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە بنیات ناوە و نوێگەری تایبەتیشی تێدا کردووە. سەیید تاهیری هاشمی وەک شاعیرێکی تەکنیککار دەردەکەوێت.**

**٤- پاتکردنەوە بریتییە لە کردەی دووبارەکردنەوەی شتێک کە پێشتر وتراوە یان کراوە. دەتوانرێت بۆ جەختکردنەوە، بۆ بەهێزکردنی پەیامێک، یان بۆ دروستکردنی نەخشێک یان ڕیتمێک لە قسەکردن یان نووسیندا بەکاربهێنرێت. دووبارەکردنەوە ئامێرێکی ئەدەبی باوی کە لە شیعر و مۆسیقا و جۆرەکانی تری**


دەربڕینی داهێنەرانەدا بەکاردەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەری بیرۆکە یان بابەتێکی دیاریکراو.

٥- ئاستەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی دوو جۆرە ، پاتکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا ن ئەم ئاستە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە لە یەك دێڕدا بە هەمان واتا دەگرێتەوە، جا وشە دووبارە کراوەکان بە دوای یەک بەکاردێن، هەروەها ئاستی ستوونیدا لەئەم ئاستەدا وشەکە، تەنها لە هەمان واتا دووبارە ناکرێتەوە، بەڵکو دووباره کردنەوەکە بەسەر هەموو شیعرەکدا دابەش دەبێت.

٦- سەیید تاهیر زیاتر پاتکردنەوەی ئاسۆی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە.

٧- جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی سەیید تاهیری هاشمی، کە بریتین لە (ژمارەی وشە، جۆری ڕێزمانی وشەکە) لە دێڕە شیعریەکان دەستنیشان کراون. سەیید تاهیر زیاتر پاتکردنەوەی ئاسۆی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە.

# پاشکۆ



٢

بسم الله الرحمن الرحيم
قال الجامع الفيوضات الربانية
الحاج السيد اسمعيل [illegible]
البغدادي رحمه الله ورضي [illegible]
عليه وعلى والديه

هذا الورد الشريف المبارك
تأليف العالم الرباني والقنديل
النوراني صاحب الإشارة
واللطائف شيخ الإسلام
محيي الملة والدين الشيخ
ابي صالح عبد القادر
الجيلاني قدس
الله سره وأفاض علينا وعلى
سائر المريدين والمحبين خيره
وبه برواية شيخ الإسلام
كمال الدين بن أبي شريف عن
قطب الزمان الشيخ ابي الغوث
العربي رحمة الله عليه عن
شيخ الإسلام شهاب الدين
رسلان الرملي قدس سره
عن العالم الرباني نصر الله
الحنبلي قدس سره عن عبد الله
بن
العزيز

بِسْمِ ٱللهِ ٱلرَّحْمٰنِ ٱلرَّحِيمِ

اَسْتَغْفِرُ ٱللهَ ٱلْعَظِيمَ ❀ ثَلٰثًا ❀ سُبْحَانَ ٱللهِ

وَٱلْحَمْدُ لِلّٰهِ ❀ ثَلٰثًا ❀ حَسْبِيَ ٱللهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ


ثَلٰثًا ❀ ٱلْإِخْلَاصُ بِاَعُوذُ مَعَ ٱلْبَسْمَلَةِ ثَلٰثًا

اَلْمُعَوِّذَتَيْنِ مَعَ ٱلْبَسْمَلَةِ ❀ اَلْفَاتِحَةُ مَعَ ٱلْبَسْمَلَةِ

اَسْمَاءُ ٱللهِ ٱلْحُسْنَى مَعَ ٱلْبَسْمَلَةِ ❀ اَللهُ جَلَّ جَلَالُهُ

ٱلرَّحْمٰنُ جَلَّ جَلَالُهُ ٱلرَّحِيمُ جَلَّ جَلَالُهُ ٱلْمَلِكُ جَلَّ جَلَالُهُ ٱلْقُدُّوسُ

جَلَّ جَلَالُهُ ٱلسَّلَامُ جَلَّ جَلَالُهُ ٱلْمُؤْمِنُ جَلَّ جَلَالُهُ ٱلْمُهَيْمِنُ جَلَّ جَلَالُهُ


هذه شجرة أصلها ثابت وفرعها في السماء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وأهل بيته وأصحابه الطيبين
الطاهرين المكرمين وبعد فإن صاحب هذه الشجرة المباركة والنسب الرفيع هو الشاب الأديب الفطن الفنان
السيد عبد الله الحسيني سلمه الله تعالى ابن الفاضل النبيل الجليل السيد عبد العزيز الحسيني دام فضله العالي
ابن الفاضل العالم العامل الورع العارف بالله السيد عبد الكريم قدس الله تعالى روحه ابن السيد علي ابن السيد
عبد القادر ابن السيد عبد العزيز ابن السيد معروف ابن السيد محمود ابن السيد عبد الله ابن
السيد محمد ابن السيد مصطفى ابن السيد محمد ابن السيد علي ابن السيد عبد الرحيم
ابن السيد عبد العزيز ابن السيد معروف ابن السيد محمد خالد ابن السيد محمد ابن السيد
خالد ابن السيد محمد ابن السيد احمد ابن السيد رسول ابن السيد زاهد ابن
السيد سليمان ابن السيد يحيى ابن السيد سليمان ابن السيد احمد ابن
السيد خالد الكازاوي والد فاطمة خاتون زوجة سيد موسى البرزنجي وبعد وفاته زوجها أخي السيد
عيسى البرزنجي قدس الله تعالى أرواحهم ... ابن السيد احمد ابن السيد
حسين ابن السيد محمد تاج العارفين ابن السيد سليمان ابن السيد احمد
ابن السيد داود ابن السيد محمد الحنفي ابن السيد محمد المجتبى ابن السيد محمود المظفر
ابن السيد الإمام محمد الباقر سلام الله تعالى عليه ابن السيد الإمام زين العابدين
علي السجاد سلام الله تعالى عليه ابن الإمام سبط الرسول سيد الشهداء الحسين
سلام الله تعالى عليه وهو من صلب الإمام أمير المؤمنين علي بن أبي طالب سلام الله تعالى
عليه ومن بطن سيدة نساء العالمين فاطمة الزهراء البتول عليها الصلوة والسلام بنت
سيد الأنبياء والمرسلين وحبيب رب العالمين محمد المصطفى العربي القرشي الهاشمي الأمين
صلوات الله وسلامه عليه وعلى أهل بيته وآله وأصحابه وتابعيه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين
كتبه المذنب محمد طاهر سيدزاده الهاشمي ... البرزنجي في ليلة الاثنين الثالث والعشرين من شوال ١٤٠٩ سنة ١٣٦٨/٣/٨

**نوسینی شەجەرەی بنەماڵەی شێخانی نێرگسەجار، کە زیاتر لە سی ساڵ پێش ئێستا بۆ ( عەبدوڵا عەبدولعەزیز نێرگسەجاڕی نوسییووە.)**



## سەرچاوەکان

### کتێبەکان

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، فەرهەنگ زاراوە زمانناسی کوردی- عەرەبی ئینگلیزی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.

٢- ئەحمد، پەخشان گۆران (٢٠٠٩)، شێواز لە شیعری گۆران، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣- ئەحمد، صافیە حمەمەد (٢٠١٤)، شێوازی شیعرە کوردییەکان پیربالض مەحمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤- سەجادی، عەلائەدین ( ١٩٧٨)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٥- سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٧)، (دەنگی مستەفا بەگی کوردی) لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری وەسفی یە) چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.

٦- سلێمان، هەژار فەقێ (٢٠٢٠)، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چاپی دووەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکراوەی خاک، کەلار.

٧- قورئانی پیرۆز، سورەتی(البقرة).

٨- کەریم، هێمن (٢٠٢١)، ڕوونبێژی لە شیعری ئەحمەد موختارجافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێدار

٩- گەردی، موحسین ئەحمد مصطفی (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی- ڕوونبێژی جوانکاری) چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.

١٠-گەردی، عەزیز (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم (ڕوونبێژی)چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا.
١١-گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
١٢- گەردی، عەزیز (١٩٧٨)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.
١٣- گەردی، عەزیز (١٩٩٩ )، سەروا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٤- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١١)، لایەنی ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (بە نموونە حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، چاپخانەی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٥-مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٢) ، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٦- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٧- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠٢١)، شێوازناسی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
١٨- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، فەلسەفەی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.

## نامەکان

١٩- شەعیا، ڕۆکان گۆریل (٢٠١٤ )، هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ زانکۆ سلێمانی، سلێمانی.

٢٠- فەرحان، مەریوان حسێن (٢٠١٤)، جوانکار لە شیعری (وەفایی)دا نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

## گۆڤارەکان

٢١- حەمە ئەمین، خۆشناو عەزیز (٢٠٢١)، هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا، گۆڤاری گەرمیان.

٢٢- حسێن، علی تاهیر ( ٢٠١٩ )، خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعر لە ڕوانگەی شیعرییەوە، گۆڤاری سلێمانی _ بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٥٩).

٢٣- عومەر، حەسەن علی (٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەردوو چامەکەی (نالی و سالم)دا، ژمارە یەک، زانکۆی کەرکوک/ کۆلێژی پەروەردە.

## دیوان

٢٤- هاشمی، سەیید موحەممەد تاهیر سەییدزادە (٢٠١٩)، دیوانی سەیید تاهێری هاشمی، هەوارگەی دڵان، کوردستان

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

.jpg٥٣ https://allekok.ir/style/img/poets/profile/profile_

**چاوپێکەوتنی مەیدانی بۆ (ژیانامەی سەیید تاهێری هاشمی)**

**٢٦- بێستون ئەبوبەکر علی: ٢٠٢٣/١/٢٠.**

# ملخص الدراسة

يعتبر هذا البحث بعنوان (مناقشة في السيد طاهر الهاشمي) من أهم الموضوعات في مجال الأدب ويعتبر فرعا من فروع العلوم الأدبية. يشير إلى ظاهرة البلاغة في الشعر ، وخاصة تلك القصائد التي تستخدم فيها ظاهرة التكرار.

يتكون البحث من ثلاثة أجزاء. خصص الجزء الأول لعرض القضايا المتعلقة بالنظرية والمتعلقة بسيرة الشاعر والرسائل التي استخدمها في قصائده ، وتناقش الرسالة في نصوصه الأدبية بالتفصيل.

الجزء الثاني أكثر نظريًا وينظر إلى الأعمال السابقة حول هذا الموضوع. ثم ناقشت تاريخ علم النفس في الأدب الكردي والعالمي من وجهات نظر مختلفة. في نهاية هذا القسم أكدنا على علم النفس وخصائصه. أهمية خاصة في هذا القسم هي فوائد وأهداف علم النفس.

القسم ٣ ، هذا القسم هو المزيد من الموضوعات العملية وقد قدمنا أمثلة للموضوع. في البداية ، ناقشنا تنظير مفهوم الترقيع. ثم أشرت إلى النمط من خلال مثال شعري.

أخيرًا ، لقد توصلنا إلى عدد من النتائج العلمية. ومن النتائج أن السيد طاهر هاشمي من ألمع نجوم الأدب الكردي. كما اختلفت قصائده من حيث المضمون ، ويمكن رؤية كل جانب من الجوانب (الدين ، الجنسية ، الحب ، الشكاوى حول دورة الزمن ، إلخ) في كتابه.

# Summary of the study

This research, entitled (A Discussion on Sayyid Tahir Hashemi), is one of the most important topics in the field of literature and is considered a branch of literary science. It refers to the phenomenon of rhetoric in poetry, especially those poems in which the phenomenon of repetition is used.

The research consists of three parts. The first part is devoted to presenting the issues related to the theory, which is related to the poet's biography and the messages he used in his poems, the message in his literary texts are discussed in detail.

The second part is more theoretical and looks at past work on the subject. Then I have discussed the history of psychology in Kurdish and international literature from different perspectives. At the end of this section we have emphasized on psychology and its characteristics. Of particular importance in this section are the benefits and objectives of psychology.

Section, This section is more practical topics and we have given examples for the topic. Initially, we have discussed the theorization of the concept of patching. Then I have pointed out the pattern through a poetic example.

Finally, we have reached a number of scientific results. One of the results is that Sayyid Tahir Hashemi is one of the brightest stars of Kurdish literature. His poems were also different in terms of content, each of the aspects (religion, nationality, love, complaints about the cycle of time, etc.) can be seen in his book.